Hesîb Rojbeyanî, endamî Encûmenî Şarewanî Kerkûk:

# Berey Turkmaniy droy legel daîk û bawkî xoyan kird!

Laparrey 7

PEYAMÎ kurd

Jimare 43 | Sallî 1 | 01.07.2005

Rojnameyekî heftaney gistiye



## مام جەلال بۆ رۆژنامەی "ئاخشەم"ی تورکی:

• خەیاڵی کوردستانێکی سەربەخۆ دوای رووخانی سەدام کۆتایی پێهات!

• ئەگەر من سەرۆکی دەوڵەتێکی کوردی گەمارۆدراو بوومایە، دەرفەتی هاتنم بۆ ئیستەنبول و خواردنی ژەمێکی ماسیم لەگەڵ تۆدا بۆ نەدەڕەخسا.

لاپەڕەی ٣

خەسرۆ پیربال

## بێدەنگی مەڕەکان....

لاپەڕەی ٣

حەمە سەعید حەسەن

## شالوور و تووتی

لاپەڕەی ٦

*Mistefa Çiwartayî*

Yadek le Dilşad Merîwanî

## Şehîdî Zimanî Kurdî

Laparrey 6

دانا رەئوف

## "سەرکەوتنی خۆشەویستی" و بەهاکانی

لاپەڕەی ٤

# Şandî Perlemanî Kurdistan serdanî Perlemanî Ewrûpay kird

Laparrey 2



# شاندی پەرلەمانی کوردستان سەردانی پەرلەمانی ئەوروپای کرد

## سەرۆکی فراکسیۆنیCDUی ئەڵمانی لە پەرلەمانی ئەوروپا

## داوای کردنەوەی ئۆفیسێکی حکومەتی هەرێم بۆ کاروباری ئابوری لە پەرلەمانی ئەوروپی کرد




**شاندی حکومەتی کوردستان بەسەرۆکایەتی د. ناسیح غفور سەرۆکی فراکسیونی زەرد و بە یاوەری رۆمیو هەکاری سکرتێری حزبی دیموکراتی بەیت نەهرێن لە فراکسیونی کلدوئاشور و حەسیب رۆژبەیانی یاریدەدەری پارێزگاری کەرکوک، سلاح عەوڵا و محمەد علی نوێنەری بازرگانانی کوردستان**

**لوقمان بەرزنجی - بروکسل -** شاندی پەرلەمانی کوردستان، کاتژمێری یانزە و نیوی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی ٦/٢٨ گەیشتنە برۆکسل. سەرەتا شاندی ناوبراو سەردانی بارەگای نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان کرد و لە لایەن برهان جاف بەرپرسی نوێنەرایەتی، پیشوازیان لێکرا. جێگەی باسە شاندی حکومەتی کوردستان بەسەرۆکایەتی د. ناسیح غفور سەرۆکی فراکسیونی زەرد بە یاوەری رۆمیو هەکاری سکرتێری حزبی دیموکراتی بەیت نەهرێن لە فراکسیونی کلدوئاشور و حەسیب رۆژبەیانی یاریدەدەری پارێزگاری کەرکوک و هەروەها تیلمان تسیولش سەرۆکی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی گەلانی هەڕەشەلێکراو کە بارەگاکەی لە ئەڵمانیایە و دۆستێکی دێرینی گەلەکەمانە لە ڕۆژانی سەخت و بێپشتیوانیمان هەمیشە خەم خۆرمان بووە و دەنگی کوردی بە دنیای دەرەوە گەیاندووە، هەروەها کاک سلیمان یەڵدرم بەرپرسی ڕێکخراوی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕێکخراوی گەلانی هەڕەشە لێکراو و چەند سەرمایەدارێک لە بازرگانی کوردستان. پەیامی کورد لە بارەگای نوێنەرایەتی توانی چەند دیدارێک لەگەڵ شاندەکە سازبدات. سەرەتا پرسی گرنگی ئەو سەردانەمان لە د. ناسیح غفور کرد و لە وەڵامدا بەڕێزی گووتی: ئەوەی ڕاستی بێت شاندەکەی ئێمە لەڕۆژی ٦/١٧ گەیشتینە ئەوروپا و یەکەمین وێستگەمان شاری "بەرلین"ی پایتەختی ئەڵمانیا بوو لە هەمان ڕۆژی گەیشتنمان لە کاتژمێر دوو و نیوی پاش نیوەڕۆ سەردانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئەڵمانیامان کرد و لەلایەن بەرپرسی کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پسپۆرێکی تایبەت بە کاروباری عێراق پێشوازیمان لێکرا و دانیشتنەکانمان دەستی پێکرد. سەرەتا لایەنی ئەڵمانی داوایان کرد کە ئێمە تۆزێک باسی ڕەوشی ئەمڕۆی عێراق و کوردستانیان بۆ بکەین. ئێمەش باسێکی تێر و تەسەلمان لەم بارەیەوە خستە بەردەمیان و زۆر بەڕاشکاوی راز و گلەییەکانی خۆمانمان پێ ڕاگەیاندن لە ڕووی کەمی هاوکاریکردنی حکومەتی ئەڵمانی، وەک پێویست هیچ هەنگاوێکی پراکتیکی نەناوە بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، بە تایبەتی دوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق. بۆیە ئێمە تەکیدمان لەسەر ئەم خاڵە کردەوە.

پ: ئەڵمانەکان وەڵامیان چێ بوو؟

و: وەڵامیان زۆر ئیجابی بوو و دانیان بە کەمتەرخەمی خۆیاندا ناو و گووتیان نەدەبوایە حکومەتەکەی ئێمە بەم شێوەیە هەڵسوکەوتی کردبایە، گوتیان ئێمەش لە هەوڵی ئەوەدا دەبین کە حکومەتەکەمان چاوێک بە سیاسەتی خۆیدا بخشێنێتەوە سەبارەت بەو هەڵوێستانەی کە بەرانبەر عێراق و کوردستان لە رابردوودا هەیبووە. کۆبوونەوەکەمان ماوەی سێ کاتژمێری خایاند و گەشبینیشم بەوەی کە ئاکامەکانی باش دەبێت. لە دوای تەوابوونی کۆبونەوەکەمان بەرەو شاری گویتنگن چووین لەوێش چەند دیدار و کۆبوونەوەمان سازدا لەگەڵ لایەنە پێوەندارەکان بە بواری ئابوری سیاسی هەروەها توانیمان سەردانێکی شاری فرانکفۆرت بکەین و لەوێش لەگەڵ بەرپرسانی "کریدیت بانک" کۆبوونەوەیەکی گرنگ ساز بدین. لەم دانیشتنەماندا بە وردی باسمان لە چۆنیەتی بووژانەوەی ئابوری کوردستان کرد.

پ: وەڵامی ئەوان چی بوو؟

و: ئەوان زیاتر مەبەستیان ئەوە بوو کە تایبەتمەندییەکانی کوردستان بزانن لە ڕووی یاسایی و ئاساییشەوە.

پ: ئایا ئەوان بەبێ ڕەزامەندی حکومەتەکەیان دەتوانن بە پیر داخوازیەکانی ئێوەبێن؟

و: نەخێر. بەڵام ئەوانیش بەڵێنی ئەوەیان پێداین کە ئەم مەسەلەیە لەگەڵ حکومەتەکەیان باس دەکەن و لەوانەشە شاندێکیان سەردانی کوردستان بکەن و لە نزیکەوە بارو دۆخی کوردستان بینن تاوەکو بەرنامە و دیدی هاوکاریکردن لە ئایندەدا، تۆمار بکەن.

پ: وەک دەزانین سەردانی پەرلەمانی( نیدرزاکسن) تان لە شاری هانوڤەر کردوە لەوێ چیتان ئەنجامداوە؟

و: بەڵێ، لەوێش لەگەڵ جێگری سەرۆکی پەرلەمان و چەند پەرلەمانتارێکی ئەو بەشە فیدارالە پێشوازی کراین و لە دانیشتنێکی دۆستانە بیرو بۆچوونەکانی خۆمان سەبارەت بە ڕەوشی ئەمڕۆی کوردستان و ئەو پێشکەوتنانەی کە بەدەست هاتوون بۆ باسکردن، دوا جار بیرو بۆ چوونەکان ئاڵوگۆڕ کران و داوای ئەوەمان لێکردن کە دەبێت رۆڵی خۆیان ببین لە دەوڵەمەندکردنی ئەزموونی دیموکراتی و دەوڵەمەندکردنی ئەزموونی پەرلەمانی کوردستان. هەروەها باسی گرنگی هاوڕێیەتی هەردوو شاری هەولێر و هانۆڤەرمان کرد، گوتمان پێویستە پێوەندییەک دروست ببێت بە تایبەتی ئەو باسەمان رووبەڕووی د.هیربرت شمالشتیگە پارێزگاری هانۆڤەر کرد. دەبێت ئەوەش بڵێم کە ئەو پارێزگارە دۆستێکی زۆر نزیکی بارزانی نەمربوو. زۆر دڵخۆشیش بوو بە ئەم بارودۆخەی ئەمڕۆی کوردستان. بەڵێنی ئەوەی پێدام کە هەموو هەوڵێک دەدات بۆ درووستکردنی پێوەندی و بە هاوڕێکردنی هەولێر و هانۆڤەر، وێرای ئەوەش گوتی لە چەند ڕۆژی ئایندە کۆبوونەوەی پارێزگارەکانی ئەڵمانیا دەبەسترێت، هەوڵ دەدەم ئەم بابەتە لە کۆبوونەوەکەمدا باس بکەم، بۆ ئەوەی ئەوانیش لەلایەن خۆیانەوە بتوانن هاوکاری گەلی کوردستان بکەن. هەر لەم دیدارەماندا بەدرێژی لەسەر ڕەوشی کەرکوک وەستاین.

پ: لەگەل کام لە حزبەکانی ئەڵمانیا دیدارتان کرد؟

و: تاوەکو ئێستا هیچ دیدارێکمان سازنەداوە.

پ: ئەی چالاکی ترتان لە ئەڵمانیا چی بوو ؟

و:چەند چالاکیەک بوو لەگەڵ ڕەوەندی کورد وەک بەشداریکردنمان لە ئاهەنگی سەروەری هەڵبژاردنی بەڕیز کاک مەسعود بارزانی بۆ سەرۆکی هەرێم و گرتنی سمینارێک لە شاری بیلەفێلد.

پ: وەک دەزانین ئەمرۆ لە برۆکسل کۆبونەوەیەکتان لە پەرلەمانی ئەورپیدا هەیە لەم کۆبوونەوەیە چ نامەیەکتان هەیە بۆ ئەوروپیەکان؟

و: ئەمڕو کاتژمێری سێ و نیو لە باڵەخانەی پەرلەمانی ئەورووپی، دیدارێکی دۆستانەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر پۆتەرینگ سەرۆکی فراکسیونی CDU ی ئەڵمانی کە گەورەترین فراکسیونە لە پەڕلەمانی ئەورووپی دا، هەیە.

پ: چیتان ئامادەکردوە بۆ ئەم دیدارە؟

و: ئێمە لەلایەن خۆمانەوە فایلێکمان سەبارەت بە رۆڵی پەرلەمانی کوردستان، لە سەرەتایی دامەزراندنیەوە تاکوو هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییە لە ڕووی یاسا و مافی مرۆڤ و مافی ئافرەتان، ئامادەکردوە.

ئەمجارە ڕووی پرسیارمان ئاراستەی ڕۆمیو هەکاری ئەندامی فراکسیونی کلدوئاشوری لە پەرلەمانی کوردستان کرد، سەبارەت بە جموجۆڵی چەند کەسانێکی ئاشوری کە لەدەرەوەی کوردستان پڕوپاگەندە دژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڵاودەکەنەوە کە گوایە کلدو ئاشوریەکان لە کوردستان مافی تەواویان پێنەدراوە و چەوساوەن. لەوەڵامدا، ڕۆمیو هەکاری گوتی:

لە ڕاستیدا هەموو کەسێک ئازادە لە دەربڕینی بیروڕا بەڵام من هەرگیز لەگەڵ ئەو بیروڕایە نیم و مەسەلەی توندڕەوی ئەوان لەم بارەیەوە دەگەڕێتەوە بۆ دووربوونی ئەوان لە واقیعی و ژیانی ئاشوریەکان لە کوردستان و، ئەومافانەی وەدەست هاتوون بۆ کلدو ئاشوریەکان بۆیە لەوانەیە ئەم جۆرە کەسانە کەوتبنە ژێر باری هێندێک لە تەئسیراتی گوێگرتنی ناحەزانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هیوادارم بێن بۆ کوردستان و بەچاوی خۆیان ڕاستیەکان ببینن.

پ: دیارە لەم دواییەدا کاری تیرۆر زۆر لە برا مەسیحیەکانی هەراسان کردووە. لێرە لە ئەورووپا دەنگی ئەوە هەیە کە بەشێکی زۆر لە بەغدا و خوارووی عێراق ڕوویان کردووەتە کوردستان؟

و: بەڵی ئەمەیان ڕاستە و ژمارەشیان لەسەروی پانزە تا شانزە هەزارێک هەن و بەش زۆریشیان تاڕادەیەک ژیانیان لە کوردستان بۆ مسۆگەر کراوە بەڕای من ئەمە وەڵام دانەوەیکی زۆر باشە بۆ ئەوانەی کە پڕوپاگەندە لە دژی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەکەن.

جێی ئاماژەیە، شاندەکەی پەرلەمانی کوردستان سەردانی پەرلەمانی ئەوروپای کرد و لەوێش لەگەڵ پرۆفیسۆر پۆتەرینگ سەرۆکی فراکسیۆنیCDUی ئەڵمانی کە گەورەترین فراکسیۆنە لە پەرلەمانی ئەوروپا کۆبووەوە و هەمان فراکسیۆن پێشنیاری ئەوەی کرد کە لە جیاتی ئەوەی بیرۆیەکی سیاسی بچوک دابنێن، با ئۆفیسێکی حکومەتی هەرێم بۆ کاروباری ئابوری بکەنەوە و لەگەڵ پەرلەمانی ئەوروپی لە پێوەندیدا بن.



**شاندی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان لە شارەوانی هانۆڤەر**

## بـانگـەوازی کومیتەی پەنابەرانی کوردی ئێرانی لە تورکیا

**بۆ هەموو کۆڕ و کۆمەڵ و ڕێکخراوە کوردیەکانی ئوروپا، ئەمریکا، کانادا، ئوسترالیا !**

**بۆ هەموو ڕێکخراوە و بەشەردۆستەکان !**

**بۆ هەموو کوردێکی بەشەرەف و دڵسۆز لە سەرتاسەری جیهان !**

دۆخی پەنابەرانی ڕۆژهەڵات لە تورکیە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو خراپتربوونی زیاتر دەچی، بەشی هەرە زۆری ئەو کەسانەی لە ماوەی پێشوو لە خۆپێشاندانی بەردەم دەرگای UNHCR لە ئانکارا بەشدار بوون لە هەموو شارەکان بۆ بەردەم دادگا ڕاکێشراون و بێ حورمەتییەکی زۆریان پێ دەکری، مانگرتن لە خواردن هەر وا درێژەی هەیە و ژمارەیان هەر لە زیاد بوونە و کەس ئاورێکیان وەسەرنادا. مەحدودییەتەکانی کومیساریای بەرزی پەنابەران و خەمساردی و کەمتەرخەمییەکانیان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر دەبی، بە چەشنێک ئەوە ٣ مانگە ئەو برە یارمەتییەی کە جار و بار دەدرا بە پەنابەران، بڕاوە و نادری، هەموو یارمەتی دەرمانی و پزیشکییەکان کەم کراونەوە و نەخۆشەکان چارەسەر ناکرێن و تەنیا ژمارە تەلەفۆنێک کە بۆ ئەم مەبەستە دراوە بە پەنابەران هیچ کاتێک وەڵام ناداتەوە. بە کورتی ئەو باس و خواسانەی کە ماوەیەکە لەسەر دیپۆرت (سنووردراش) کردنەوەی ئەو پەنابەرانە دەکرێن، وا دیارە رەنگی ڕاستی بە خۆوە دەگرن و مەترسییەکان زیاتر دەبی.

بۆیە داوای بە پەلەتان لێ دەکەین کە بۆ پێشتگیری لە ئەگەری تەسلیم کردنەوە و بەو جۆرە لە ژێر فشار خستنی سەر ١٢٠٠ کەس پەنابەری هەق خوراوی کورد هەموو هەوڵی خۆتان بخەنە گەر بۆ فشار هێنان بۆ سەر ئیدارە دەوڵەتیەکان و نوسینگەکانی UNHCR و سەفارەکاتەکانی تورکیە خۆپێشاندان و نارەزایی وەرێ بخەن تا بەڵکو بە هیمەتی هەموو لایەک بتوانرێ ئەو پەنابەرانە لەو بارودۆخە پڕ مەترسیدارە نەجاتیان بێت.

تکایە بۆ ئەم مەبەستە لە ڕۆژی هەینی ٢٠٠٥/٧/١ دا دەنگی خۆتان بخەنە پاڵ دەنگی ئەو دڵسۆزانەی وڵاتی سویسرا کە بە ناوی (لیژنەی پشتیوانی لە پەنابەرانی کوردی ئێران لە تورکیە) بەم ژمارە تەلەفۆنە ٠٠٤١ ٧١ ٥٣ ٤٦ ٥٩٢ لە ڕۆژی ٢٠٠٥/٧/١ لە بەر دەم کومیساریای باڵای پەنابەران لە ژنێڤ کۆ دەبنەوە و هاوکات لە پایتەختی زۆربەی وڵاتانی ئوروپایی و ئوسترالیا و کەنەدا، ئەمریکا ڕێپێوان وەرێ دەخرێ. پێشەکی سوپاس و پێزانینی خۆمان بۆ هەموو هەوڵ و هەمیەتی هەر تاکێکی کورد و هەر کەسێکی دڵسۆز دەردبرێن.

ویست و داخوازییەکانی پەنابەرانی کوردی ئێرانی ناسراو بە شیمالی عێراق لە تورکیە بریتین لە:

١- جێبەجێکردنی بە پەلەی بەندەکانی یاسای ١٩٥١ ژنێڤی کومیساریای بەرزی پەنابەران UNHCR.

٢- گواستنەوەی هەموو ئەو پەنابەرانە بۆ وڵاتی سێهەم، کە هەموویان وەکو پەنابەری سیاسی لە لایەن UNHCRەوە قەبووڵ کراون.

٣- گۆڕینی یاسای ٥٦٨٣ی دەوڵەتی تورکیە کە تایبەتە بە تۆریزم و گەش و گوزار، کە بە هاوکاری نێوان UNHCR و دەوڵەتی تورکیە بە سەر ئەو پەنابەرانە دا سەپاوە.

با لە ڕۆژی ٢٠٠٥/٧/١دا دەنگی مەزلومیەتی ١٢٠٠ پەنابەری کورد بە گوێی دونیا بگەیەنین.

کومیتەی پەنابەرانی کوردی ئێرانی لە تورکیە ٢٠٠٥/٦/٢٤ تورکیە

### مام جەلال بۆ رۆژنامەی"ئاخشەم"ی تورکی:

# خەیاڵی کوردستانێکی سەربەخۆ دوای رووخانی سەدام کۆتایی پێهات!



رۆژی٢٠٠٥/٦/٢٥، رۆژنامەنووس حوسنی مەحلی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ رێزدار جەلال تاڵەبانی بۆ رۆژنامەی"ئەخشەم"ی تورکی سازکرد. رۆژنامەی ئەخشەم دەڵێت بەپێی قسەکانی تاڵەبانی، کوردستانێکی سەربەخۆ، لەدوای رووخاندنی سەدام و بوونی تاڵەبانی بە سەرکۆماری عێراق، کۆتایی بەو خەیاڵە هێنا. هەروەها" ئەخشەم" لەسەر زاری مام جەلال دەڵێت کە شیعەکانی عێراق ئێرانیان لە پشتە و، سوننەکان وڵاتە عەرەبییەکانیان لە پشتە و، کوردیش تورکیایان لە پشت بووە و دەبێت.

حوسنی مەحلی: ئایا رێککەوتنێکی تەواو سەبارەت بە سیستەمی فیدراڵی لە نێوان گشت عێراقییەکاندا هەیە؟

جەلال تاڵەبانی:زۆربەی عێراقییەکان، پشتیوانی ئەم سیستەمە دەکەن، چونکە فیدرالیزم، تەنها داواکاری کورد نییە، عەرەبی شیعەش داوای فیدراڵی دەکەن، زۆر لایەنیش لە باشووردا، هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی سیستەمێکی فیدراڵی لە ناوچەکەیاندا رابگەیێنن، بەڵام دەربارەی شێوەی فیدراڵی، بۆچوونی جۆراوجۆر لە ئارادایە، هەندێک داکۆکی لە فیدراڵی ناوچەکان دەکەن، هەندێکی دیکەش پێشنیاری دابەشکردنی عێراق بەسەر پێنج ناوچە زێتر دەکەن، عەرەبە سوننەکانیش، پێیان باشە عێراق بۆ دوو ناوچەی عەرەبی و کوردی دابەش بکرێت.

حوسنی مەحلی: ئایا سیستەمی فیدراڵی لەسەر بنەمای جوگرافی یان ئەتنیکی یان مەزهەبی دەبێت؟

جەلال تاڵەبانی: هەموو لایەک لەسەر سیستەمی جوگرافی کۆکن، نەک ئەتنیکی یان مەزهەبی، لەوەش گرنگتر، بەکارهێنانی شێوازی تەوافوق لە نێوان گشت عێراقییەکاندا، واتە هەموو لایەنەکان رێک بکەون و زۆرینە رای بەسەر کەمینەدا نەسەپێنێت، چونکە کۆمەڵگەی عێراقی بەرگەی ئەم نموونانە ناگرێت.

حوسنی مەحلی: ئێوە ساڵانێکی دوور و درێژە بۆ هێنانە دی خەیاڵی کورد، خەباتتان کردووە، ئێستا ئێوە لە پۆستی سەرکۆماری عێراقدان، داخۆ خەیاڵی کورد لە هێنانەدی دەوڵەتی سەربەخۆ چی بەسەر هات؟

جەلال تاڵەبانی: لە منداڵی خۆمەوە تا ئێستا کە٨٥ ساڵە، لە خەباتدام، سەرەتا لە پێناو عێراقێکی سەربەست و دیموکراتدا تێکۆشام و، پاشان بۆ مافی گەلی کورد. کاتێکیش داکۆکیم لە مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کورد، کرد، داکۆکیم لەوە نەکردووە یان رۆژێک لە رۆژان نەمگوتووە کوردستان لە عێراق جیابێتەوە. ئەگەر ئێمە لە عێراق، سیستەمێکی فیدراڵی و راست و دروست بێنینە ئاراوە، ئەوا خەیاڵی کوردان دێتە دی. ئەو خەیاڵەی مەبەستمە، جیایە لە خەیاڵی هەندێ شاعیر و نەتەوەپەرەستی کورد، چونکە ئەو خەیاڵانە خەیاڵی واقیعی نین و پیادەکردنیان زۆر دوورە. گریمان دەوڵەتی کورد دروست بوو، چۆن بەدردەوام دەبێت؟ دەوڵەتێک کە سوریا و عێراق و ئێران و تورکیای لە دەوروبەربێت، چۆن بەردەوام دەبێت؟

حوسنی مەحلی: دەوڵەتی ئیسرائیل بە دژی ویستی عەرەب هاتە ئاراوە و ئێستاش بەردەوامە؟

جەلال تاڵەبانی: ئیسرائیل سنووری لەسەر دەریا هەیە و، لۆبییەکی جولەکەی بەهێزی لە سەرانسەری جیهاندا هەبووە. لە سەرووی ئەمانەشەوە، هەر لە یەکەم رۆژەوە، ئەمریکا پشتگیری لێکردووە. ئیسرائیل لە١٩٤٨ەوە، تا ئێستا شەڕ دەکات، ئێمەش شەڕمان راگرتووە، ئیدی ئێمە ئاشتیمان دەوێت.

حوسنی مەحلی: لەوانەیە ئەمریکا بتان پارێزێت؟

جەلال تاڵەبانی: ئەمریکا و ئەوروپا داوای بێکهێنانی دەوڵەتی کوردییان لێ نەکردووین، بە پێچەوانەوە، ئەمریکا لە پێناو عێراقێکی یەکگرتوو پشتگیری لە ئێمە دەکات. ئەگەر من سەرۆکی دەوڵەتێکی کوردی گەمارۆدراو بوومایە، نەتۆ سەردانت دەکردم و نە منیش دەرفەتی هاتنم بۆ ئیستەنبول و خواردنی ژەمێکی ماسیم لەگەڵ تۆدا بۆ دەرەخسا.

حوسنی مەحلی: بەشداریکردنی کورد لە بەغداد، کۆتایی بە خەونی کورد هێنا؟

جەلال تاڵەبانی: بەڵێ وایە، ئەمە بە تەواوی راستە. یەکەم جارە کورد ببینێت کە بۆتە هاووڵاتی پلەی یەکەمی عێراق، ئێستا هەموو کوردێک شانازی بە عێراقیبوونی خۆی دەکات، تاڵەبانی بووە سەرکۆمار و زێباری بووە وەزیری دەرەوە و لە حکومەتیشدا، هەشت وەزیری کورد هەیە، بۆیە کورد زانییان کە خاوەنی ئەو وڵاتەن و، باوەڕیان پێ هێنا و، ئەو هەست و باوەڕە، بووە هۆی نەمانی بیری جوداخوازی، چونکە کورد نەک تەنها لە کوردستان، بەڵکو لە بەغداش بوونە خاوەن قسە و فەرمان.

حوسنی مەحلی: ئەزموونی کورد، چۆن کاردەکاتە سەر کوردی ئێران و سوریا و تورکیا؟

جەلال تاڵەبانی: ئەگەر ئێمە لە عێراق سیستەمێکی دیموکراتی و ئازاد و یەکسان و رێزگر لە مافی مرۆڤ و دادپەروەری بهێنینە ئاراوە، ئەمە بۆ هەموو ناوچەکە دەبێتە نموونە. لە سوریا، لە سەردەمی پێشوودا، بوونی کوردیان رەت دەکردەوە، بەڵام ئێستا بەشار ئەسەد بوونی کوردی لا پەسەندە و، دەڵێت پێویستە مافی کورد بدرێت، ئەمڕۆ، لە سوریا، کورد خۆپیشاندان ساز دەکەن و، رێکخراو و پارت دەهێننە ئاراوە.

حوسنی مەحلی: ئەی ئێران و تورکیا؟

جەلال تاڵەبانی: ئێمە ناتوانین کار لە تورکیا بکەین، تورکیا کار لە ئێمە دەکات. تورکیا، دەوڵەتی هەرە گرنگ و هاوچەرخ و پێشکەوتوو و دیموکراتی ناوچەکەیە، تورکیایەکی خاوەن مێژوویەکی دەوڵەمەند و دیموکرات، بۆ کورد پێگەیەکی ئیستراتیجییە. شیعەکانی عێراق، ئێرانیان لە پشتە و، سوننەکانیش، دەوڵەتە عەرەبییەکانیان لە پشتە و، کوردیش تورکیای لە پشت بووە و دەبێت.

حوسنی مەحلی: کێشەیەک لە نێوان ئێوە و تورکیادا هەیە، ئەویش بوونی PKK لە باکووردا؟

جەلال تاڵەبانی: ئێستا ئێمە نە سوپا و، نە هێزێکی ئاسایشمان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا، لە دژی تیرۆریزم لە رۆژێکی سەختداین. ئێمە نیگەرانین لە بوونی PKK لە ناو خاکماندا.

حوسنی مەحلی: ئەمریکا موجاهیدین خەلقی چەک کرد، ئایا ناخوازێت PKKەش وا لێ بکات؟

جەلال تاڵەبانی: ئەمریکا، مەبەستی ئەوە نییە لەگەڵPKKشەڕ بکات، کێشەی هەرە گرنگی ئەمریکا، بەرقەراربوونی ئاسایشە لە عێراق و، ناخوازێت لەگەڵ هێزێکی تر شەڕ بکات.

حوسنی مەحلی: ئایا ئەمریکا حیساباتی دیکەیان هەیە؟

جەلال تاڵەبانی: ئەو پرسیارە لە ئەمریکییەکان بکەن، ئەمریکییەکان، لە هەموو کات و شوێنێکدا، حیساباتی خۆیان هەیە، ئەمریکا، دەوڵەتێکی مەزن و، پێشکەوتووە.

حوسنی مەحلی: جیاوازی نێوان جەلال تاڵەبانی وەک کەسایەتی و، جەلال تاڵەبانی سەرکۆمار چییە؟

جەلال تاڵەبانی: مام جەلال ئەو کەسەیە کە، تەواوی ژیانی خۆی بۆ خەباتی لە پێناوی ئازادی و مافەکانی گەلی کورد تەرخانکرد، جەلال تاڵەبانی سەرکۆماری عێراقە، ئەو نەک تەنها لە کورد، بەڵکو لە عەرەب و تورکمان و سوننە و شیعە و مەسیحی و کلدان و ئاشوورییکانیش بەرپرسیارە، لەبەر ئەوە، بەرپرسیاریەتییەکەی ئێستا قورستر و فراوانترە.

حوسنی مەحلی: ئەمریکا کەی هێزەکانی لە عێراق دەکشێنێتەوە؟

جەلال تاڵەبانی: سوپا و ئاسایشی عێراق ئەگەر بە جوانی جێگەی خۆی بگرێت، ئێمە سوپاسی ئەمریکا دەکەین و پێیان دەڵێین، بڕۆن. کەسیش گومانی لەوە نەبێت. ئەمریکا چۆن هات، هەر وا دەگەڕێتەوە و ئەگەر لە ماوەی دوو ساڵدا، هیچ روو نەدات، ئەوا ئەمریکا دەڕواتەوە. ■■■

**وەرگێڕان: پەیامی کورد**

# بێدەنگی مەڕەکان....

## The silence of lambs



**خەسرۆ پیربال**

**"زۆر بەلامەوە سەیرە کە رەخنە لە بەرنامەکەم دەگیرێت، خۆ وەزیرە کوردەکان لەوێ بوون و هیچ جۆرە کاردانەوەیەکیان نیشان نەدابوو بەرامبەر ئەو بەرنامە کارەی کە بۆ حکومەتم دانابوو..."**

**سەرەک وەزیرانی عێراقی ئیبراهیم ئەلجەعفەری**

کوردەکان بەجیدی بڕیاری ئەوەیان داوە، عێراقێکی نوێ ی دیموکرات و فرەحزبی و فیدراڵ لەگەڵ هێزە سیاسیەکانی عەرەب درووست بکەنەوە، دەوڵەتی عێراق لە ئارامی و جێگیربوونی ئەمن و ئاسایشدا بێت و دووبارە بگەڕێتەوە نێو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، لەجیاتی ئەوەی پێشتر دەوڵەت و عێراقیەکان وەکوو وڵاتێک و میللەتێکی هاوکار بۆ تەروریستی نێودەوڵەتی، ئێستا، عێراقی فیدراڵ وەکوو نموونەی ئازادی و هاوکاری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ئەمریکا لەشەڕ دژ بە تیرور و تروریستان لە گۆڕەپانی سیاسەتی نێودەوڵتیدایە .

بۆ بەشداریشمان لە ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی کۆمەڵگای عیراقی، هێزو و لایانە سیاسیەکانی کوردستان، لەسەرووی هەمووشیانەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکییێتی نیشتیمانی کوردستان، هەر پاش ڕووخانی دیواری دیکتاتۆر لە بەغدا، خەریکی ڕێکخستن و بەشدارکردی کادر و کەسایەتی و کاندیدەکانی خۆیانن لە حکومەت و ناوەندە جۆربەجۆرەکانی دەوڵەت، لەوانەیش لە بواری ڕاگەیاندن و پەخش و ڕێکخراوە حکومی و ناحکومیەکانی بەغدای پایتەختدا

لێرەدا، گرینگترین گۆڕەپان، بەشداریکردنمانە لە ناوەندی بڕیار و ئەنجوومەنی نیشتیمانی عێراقی فیدڕاڵە، لە پەرلەمانی بەغدایە، دەبێت بەشداریمان لە باشترین و ئەکتیڤترین ئاست بێت، بۆ ئەم مەسەلەیەش، ژمارەیەکی زۆری کورد هەن کە بە هەماهەنگی لە نێوان هێزە کوردستانیەکان بۆ بەغدا دەستنیشانکراون، بەڵام مخابن پێدەچێت بەشی هەرەزۆریان هەر دەوام ناکەن !وە بەشدار نەبن لە هەموو کۆبوونەوەکانی پەرلەمانی عێراقی، پێموابێ گەواهی ئەم ڕاستیە تاڵەش ئاشکرایە هەر لە دەستبەکاربوونی یەکەمیین کابینەی حکومەتی عێراقی فیدڕاڵەوە، چەندین بڕیار و مەسەلەی مەترسیدارمان هاتوَتەپێش، میللەتی کوردستانیش، تەنها بەڕێگای کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە ئاگادار کراینەوە، یانیش کاتێک لە سەری بڵندەوە سەرۆک بارزانی، چەند چاودێرێکی تر، زەنگی مەترسیان لێدابی، ئینجا خەڵکی ئاگاداری مەسەلەکان کراینەوە ئەگەرنا ، ئەوە بەتەمای پەرلەمەنتارانمان ، بێژینگان دەبەینە بەر چیڵی !.

ئەمڕوَکە کورد لە بەغدا، لە شەڕێکی قورسی دەستووری و سیاسیدان، دەبێت لە نێوان خوێیان، هەفتانە یان مانگانە، کۆبوونەوە و هەماهەنگیان هەبێت و یەکتر ببینن، هاوکار و پێکەوە لەسەر پرسە گرینگەکان ئاڵوگۆڕی بیروڕا بکەن و پێکەوە، پێش ئەوەی هیچ بڕیارێکی حکومەت تێپەڕێت و بچەسپێت، دەبێت کوردەکان هەڵوێستێکی یەکگرتوویان هەبێت بەرامبەری و و داکوکیبکەن و مووناقەشەی بکەن و بیروبۆچوونی خۆیانیان لەسەر بەیان بکەن، بەو شێوەیەبێت کە لەبەرژەوەندی میللەتی کوردستاندا بێت .

بەڵام مخابن، ئەوەی تاوەکوو ئێستا هەستی پێدەکرێت، بەشی هەرە زۆری ئەو بەڕێزانە زۆر کەم دەوام دەکەن، بەشدارنابن لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی نیشتیمانی، هەندێکیشیان ئەگەر بەشداریش بن، ئەوە ئەکتیڤ و چالاک نین !؟ هیچ ڕۆڵیان نیە لە پێشگرتنی بڕیار و هەڵوێستە دووژمنکاریەکانی هەندێک لایانە سیاسیەکانی عەرەبی عێراقی لەناو ئەنجوومەنی نیشتیمانی، بەتایبەتی ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ بەرنامەی حکومەتی ئیبراهیم ئەلجەعفەری کە هەر لەسەرەتای دەستبەکاربوونی، هیچ شتێکی بۆ کورد پێ نیە و ناشبێت لە هەڵوێست و سیاسەتەکەی خافڵ بین ..

بەگوێرەی هەندێک زانیاری، زوربەی ئەندامانی کوردی نێو پەرلەمانی عێراقی خەریکی دەرکردنی پەسەپۆرت و سەفەرکردنن بوَ دەرەوەی وڵات بە مەبەستی گەشت و گوزار یانیش خەریکی کڕین و نویَکردنەوەی ئۆتۆمۆبیلن !!؟؟

بەڕاستی لەم قۆناغە مێژووییەدا، بەشداریکردنمان لە گفتوگۆیەکانی ناو پەرلەمان، گرینگیەکی مێژوویی گەورەی هەیە، بەتایبەتیش، ئێستا پرسی کەرکوک و یەکلاکردنەوەی مەسەلەی سەقامگیری و چەسپاندنی فیدراڵیەتی عێراق و بڕیاردانی چارەنووسی میللەتی کوردستان و ئاستی بەشداریمان و کاریگەریمان لەسەر ڕەوتی مەسەلەکان لە عیراقدا یەکلانەکراونەتەوە و وەکوو گرفتێکی گەورە ماونەتەوە، ڕۆژانە پێویستی بە خۆسازکردن و هەماهەنگیی نێوان کوردەکان هەیە . .

زۆر لە پرسە کوردستانیەکان، ئێستا بەستراوتەوە بە بەغدا و بڕیاری سیاسی حکومەتی فیدڕاڵ ، لەبەرئەوەیە دەبێت بەشداریمان لە گفتووگۆکان زۆر لە ئاستێکی بەرز بێت و زۆر چالاکانە بێت، ئەندامانی کوردی نێو پەرلەمان قووڵیان بۆ کارێکی قورس هەڵبکەن و سوود لە هەموو ناوەند و لایان کوردی و هەروەها سوودیان لە لایانە عەرەب و بیانیەکانی پایتەخت وەرگرتبا بۆ کارێکی ڕێکوپێک و بۆ داکۆکیکردن لە بەرژەوەندیەکانی میللەتی کوردستان، بەتایبەتیش ،سوود لە ناوەندی ڕاگەیاندن و دیپلۆماسیەکانی وڵاتانی عەرەبی و بێگانە وەربگرن بۆ خۆچەسپاندن و ئاستێکی بەرزی ئامادەگی کوردستانی لە بەغدا .

بە کوردی و بەکورتی، دەبێت دان بەوە بنێین کە بوونمان لاوازە لە بەغدا و ئاستی بەشداربوونی پەرلەمانتارە کوردەکانی ئەنجوومەنی نیشتیمانی عێراقی فیدڕاڵ، زۆر لاواز و سەقەتن. نابێت بێدەنگی بنوێنن لە کاتی گفتووگۆیەکانی نێو پەرلەمان، دەبێت ئەکتیڤتر و کاریگەرتربن لەوەی هەن، ئەو بەڕێزانە ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتیمانی گەورەیان لەئەستۆدایە.

شوکر هەمووشمان هوشیارین بەو مەترسیانەی کە دەورەمانیان داوە، پێشموابێ سەرکردایەتی کورد، لە ئەزموونی ئەو دوو ساڵەی ڕابردوو، باش دۆست و دوژمنانی خۆی دەناسێتەوە، بۆ ئەوەش دەبێت چیتر نوێنەرانمان لە پەرلەمانی عێراقی هاوشێوەی ئەو(ڕانەمەڕانە) نەبن کە بەبێ هوشیاری و بێدەنگیەوە بەرەو لای قەساب ڕێدەکەن!.■■■

*(بێدەنگی مەڕەکان): تێرمێکی ئینگلیزیە بەکاردێت بۆ ئەوکەسانەی ئاگادار و هوشیار نیین بەرامبەر دووژمنەکانیان، هیچ مەبەستێکی ناشرینی لە خۆیدا هەڵناگرێت ..

Pirbal@hotmail.com

### شانۆی پادشایەتی لە ستۆکهۆڵم پێشکەش دەکات

# ”سەرکەوتنی خۆشەویستی“ و بەهاکانی



**دانا رەئوف ـ سوید**

**شانۆنامەی: سەرکەوتنی خۆشەویستی Kärlekens Triumf**
**نووسینی: ماریڤۆ Marivaux**
**ریژی: ستاڤان روس Staffan Roos**
**شانۆی: درۆتنینگهۆڵم**
**Drottningholms slottsteater**
**شانۆی پادشایەتی لە ستۆکهۆڵم**

شانۆنامەی سەرکەوتنی خۆشەویستی“، لە نووسینی نووسەری فەرەنسی”ماریڤۆ“١٦٨٨-١٧٦٣یە و پیەسەکەش یەکێکە لە شانۆنامە گرنگەکانی سالانی١٧٠٠ەکانی شانۆی فەرەنسی.

”ماریڤۆ“ بە شێوازێکی زۆر تایبەت بە خۆی قوڵ دەبێتەوە بە چەمکەکانی شانۆی کۆمیدی و شوێنپێی داب ونەریتی ”مۆلێیر“ و کۆمیدیا ”دیلارتی“ هەڵدەگرێ. ئەم نووسەرە، شانۆنامەکانیشی راستەوخۆ بۆ گرۆیەکی ئیتالی بە ناوی”کۆمیدیای ئیتالی“یەوە دەنووسێ. گرووپەکەش لە پاریس و لە نیوەی یەکەمی ساڵەکانی١٧٠٠دا، سەرکەوتنێکی هونەری گەورەیان بەدەست هێناوە.

ئێستە ئەم شانۆنامەیە لە سوێد و لەسەر یەکێک لە دێرینترین شانۆکانی ئەم وڵاتەدا پێشکەش دەکرێت .

**شانۆی درۆتنینگهۆڵم**

ئەم شانۆیە، لە جیهاندا کە تاکو ئێستا چۆن دروستکراوە، وەک خۆی پارێزراوە. شاژنی سوێد خاتوو”لۆڤیسا ئۆلریکا“ بڕیاری دروستکردنی داوە. دواتر شانۆی درۆتنینگهۆڵم لە ساڵی١٧٦٦دا، بە تەواوەتی تەواو دەبێت. ئەم کۆشکە شانۆییە بە کەرەسەیەکی زۆر ساکار دروستکراوە. بە هۆی ئامێرێکی تایبەتییەوە، کە راستەوخۆ بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکراوە، دیکۆر و تابلۆکان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت. ئەو گۆڕانکارییانەش گەمەیەکی بێهاوتای شانۆییە، ئەفسونێکە لە هیچ شانۆیەکی تری جیهانیدا وێنەی نییە. تابلۆکان، وێنە و دیکۆرەکان بە بەرچاوی بینەرانەوە، لە چاوتروکانێکدا، هەر وەک ئەفسون گۆڕانکارییان بەسەردا دێت. ئەم شانۆ دێرینە، تا ئێستا ئەو شێواز و کاریگەرییە هونەرییە کۆنانەی ساڵەکانی١٧٠٠ ەکانی خۆی وەک: شەپۆلی دەریا، رەشەبا، هەورە تریشقە، ئامێری بەکارهێنانی رووناکی و زۆر شتی تر وەک خۆی ماوە و، لە کاتی نەمایشە ئۆپێرالیەکاندا، بەپێی پێویست بەکاردەهێنرێ. پێشکەشکردنی ئەم شانۆنامەیەش لەسەر شانۆی درۆتنینگهۆڵم بایەخ و بەهایەکی بێهاوتای هونەری و مێژوویی هەیە. نەمایشەکە وانەیەکی دانسقەی کردەیی مێژووی شانۆیە.

**سەرکەوتنی خۆشەویستی**

تێکڕای رووداوەکانی شانۆنامەکە لە باخچەیەکدا روودەدات. کیژە شاژنێک عاشقی لاوێک دەبێت، ئەو لاوەش دادەنرێت بە دوژمن و بەرهەڵستکاری ئەو شاژنە. بەڵام ئەم شاژنە عاشقە خۆی لە جلوبەرگی پیاودا دەشارێتەوە و، دەچێتە کۆشکی ئەو لاوە، تا بە شێوەیەکی راستەوخۆ خۆی لەو لاوە نزیک بکاتەوە. ئەم شاژنە، بۆ ئەم مەبەستەش، هەموو رێگاکان بەکاردەهێنێت: دەمامک، خۆگۆڕین، گەمەی پیاو و ژن، شانۆی ناو شانۆ، زمانی جەستە و گەمەی پێناس و گەمەی رەگەز. هەر دوای ماوەیەکی کەم لەو گەمە پڕ لە عشقە، ئەو شاژنە دەتوانێت بە شێوەیەکی توندوتیژ هەموو دانیشتوانی ئەو کۆشکە لە خشتەبەرێت، لە ئەنجامدا، خۆی بۆ ئەو گەنجە نەیارە ئاشکرا دەکات و، بەهاکانی خۆشەویستیش بەسەر هەموو دژایەتی و، دوژمنکارییەکاندا زاڵ دەبێت.

**ماریڤۆ و شانۆی فەرەنسی**

شانۆ، بەها و رۆڵێکی گرنگی لە کۆمەڵگای فەرەنسیدا هەبووە، بە تایبەتیش لە ساڵەکانی ١٦٠٠ەکاندا، هونەری شانۆ دەگاتە ئاستێکی زۆر بەرز. فەرەنسییەکان، خۆیان ئەو سەردەمە دادەنێن بە چەرخێکی گەورە لە مێژووی کولتوور و شانۆی وڵاتەکەیاندا. هەر لەم قۆناغەدا، تراژیدیا گەورەکانی(کۆرنی و راسین) و دوای ئەوانیش کۆمیدیاکانی”مۆلێیر“ لەدایک دەبێت. کە ”ماریڤۆ“ش، دەردەکەوێت، بە ئاسانی ناتوانێت جێگای خۆی لەو نەخشە پتەو و باڵایەی کولتووری فەرەنسیدا بکاتەوە. بەڵام دوای تەقەلایەکی زۆر و، دۆزینەوەی سیما و فۆرمێکی تایبەت بە خۆی، وەک دیاردەیەکی جیاوازی کۆمیدیای فەرەنسی دەردەکەوێت. هەر لە سەرەتاوە، ئەم نووسەرە، هەوڵیداوە دوور بکەوێتەوە لە تەقلیدکردنی زمان و، کولتووری کۆنی گریکی. شانۆنامەکانیشی بە زمانێکی جیاوازی ساکاری نێو خەڵکی دەنووسێت، شیعر و قافیە وەلاوە دەنێت و، زیاتر لە بەکارهێنانی پرۆسە نزیک دەبێتەوە. هونەرمەندی گەورەی فەرەنسی”ژان لیۆس بارۆ“ لە ساڵی١٩٤٠دا بۆ بوژاندنەوەی”کۆمیدیای فرانسیس“ شانۆنامەی ”سەرکەوتنی خۆشەویستی“ دەکاتە بنەمایەکی گرنگی رێپۆرتوارە شانۆییەکەی.

**سەرکەوتنی خۆشەویستی لە سوێد**

بۆ یەکەمجار ئەم شانۆنامەیە لە ساڵی١٩٩٥دا، لە سوێد پێشکەشکراوە. ئەم ساڵ، بە دوو شێوازی جیاواز و، لەسەر شانۆی جیاوازیش(سەرکەوتنی خۆشەویستی)، سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست دەهێنێت. سەرەتا، لەسەر شانۆی پادشایەتی و، لە فۆرمێکی مۆدێرن و شانۆیەکی وێنەیی و، ئێستاتیکیدا نەمایش دەکرێت. دوای چوار مانگ، نەمایشەکە دەگوێزرێتەوە بۆ سەر شانۆ دێرینەکەی درۆتنینگهۆڵم و، لە ئەتمۆسفاریکی هەزار و حەوسەدەکاندا پێشکەشدەکرێتەوە. بەڵام شانۆنامەکە لە هەردوو نەمایشەکەدا، سیمایەکی شیعر ئامێز، وێنەیی و شێوازێکی ئەسلەبە لەخۆدەگرێت. ئەمە جگە لە فۆرمێکی پڕ لە گەمە و، بەکارهێنانی ورد و بەسەلیقەی کۆمیدیای دیلارتی. ■■■

danamarouf@yahoo.se




---

## درامانووسانی جیهان

مەهدی مجید جاف

### ٣٨ـ ماکس فریش
### Max Frish



نووسەری بەناوبانگی سویسری ماکس فریش، لە ١٥ی مانگی مای١٩١١دا، لە شاری زیوریخ لەدایکبووە. خوولی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە زیوریخ تەواودەکات. لە ساڵی١٩٣٠دا، دیپلۆم وەردەگرێت و لە زانکۆی زیوریخ بەشی ئەدەبییات، دەست بە خوێندن دەکات. پاش دوو ساڵ، بە هۆی گیر و گرفتی ئابوورییەوە، ناچاردەبێت واز لە خوێندن بهێنێت. لە ساڵی١٩٣٣دا، باوکی دەمرێت و دژواری زیاتریان بۆ دروست دەبێت. فریش بۆ ماوەیەک، وەک هەواڵنێر لە رۆژنامەیەکدا کاردەکات. لە ساڵی١٩٣٤دا، بڕیار دەدات ریشتەکەی خۆی بگۆڕێت و لە بەشی باڵەخانەسازیدا دەست بە خوێندن دەکات و، لە ساڵی١٩٤٠دا، دیپلۆم لەو بەشەدا وەردەگرێت و، پاش دوو ساڵ ژن دەهێنێت. لە ساڵی١٩٤٤دا، شانۆنامەی“سانتا کروز“دەنووسێت و، لە ساڵی١٩٤٥دا، شانۆنامەی“دووبارە گۆرانی دەڵێنەوە“دەخرێتە سەر شانۆ، هەر لە ساڵی١٩٤٥دا،شانۆنامەی بەناوبانگی“دیواری چین“ لەسەر شانۆی شاری زیوریخ پێشکەش دەکرێت. لە ساڵی١٩٤٨دا، شانۆنامەی ”کاتێک شەڕ کۆتایی دێت“لەسەر هەمان شانۆ نمایش دەکرێت. لە ساڵی١٩٥١دا، شانۆنامەی“گراف ئادرلند“ دەنووسێت و، بۆ ئەمریکا سەفەر دەکات. ماوەی ساڵێک لەوێ دەمێنێتەوە، ئەو سەفەرە، بایەخ و کاریگەری خۆی دەبێتە سەری و ئەزموونێکی هونەری بۆ دەهێنێتە ئاراوە. لەساڵی١٩٥٢دا، شانۆنامەی“دۆژوان، یان عیسق بە ئەندازیاری“ و، لە ساڵی١٩٥٨دا، شانۆنامەی“ئاگر هەڵگیرسێنەر“دەنووسێت، لەسەر شانۆی زیوریخ، پێشکەش دەکرێت و، پێشوازییەکی گەرمی لێ دەکرێت و، ماکس فریش وەک درامانووسێکی جیهانی ناوبانگ دەردەکات. لە ساڵی١٩٦١دا، شانۆنامەی“ئاندۆرا“دەنووسێت، لە هەمان ساڵدا، لە هاوسەرەکەی جیادەبێتەوە و بۆ شاری رۆما سەفەر دەکات. لە ساڵی١٩٦٨دا، شانۆنامەی“بیوگرافی گەمەیەک“ بڵاودەکاتەوە. فریشی بەتوانا رۆمانی“ئیشتیلەر“ و رۆمانی“هۆمۆ فابێر“ و رۆمانی“ناوی من کانتان بێنە“ دەنووسێت. ماکس فریش، چەند خەڵاتێکی ئەدەبی پێ دەبەخشرێت، لەوانە، خەڵاتی“جۆرج بۆشنەر“ و خەڵاتی“راین“ و خەڵاتی“شیلەر“. ماکس فریش، لە ساڵی١٩٩١دا، کۆچی دوایی دەکات و ماڵئاوایی لە هونەر و ژیان دەکات.
■■■

## دیداری هەڵکەوت زاهیر لەگەڵ:

# هونەرمەند پرشنگ توانا



ڕوویەکی گەش و کراوە، دەنگێکی خۆش، کەسایەتییەکی بەهێز، دڵێکی پڕ لە میهرەبانی، عاشقێکی هونەری ڕەسەنی کوردی. ئەوە هونەرمەندی کورد "پرشنگ"ە کە ناوەکەی لە ڕووناکی پرشنگی خۆرەوە دێت و خۆیشی بە هونەرەکەی پرشنگی جوانی و خۆشەویستی بە ژیان دەدات.

**پرسیار: سەرەتای دەسپێکردنی کاری هونەرییت چۆن و بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟**

**وەڵام:** هەروەکو هەموو هونەرمەندێکی تر سەرەتای دەستپێکردنی کاری هونەرییم بۆ قۆناغی سەرەتایی دەگەڕێتەوە، کە مامۆستاکانم بە دەنگ خۆش هەڵیانبژاردم و لە کۆبوونەوەی دایکان و باوکان گۆرانیم دەگوت. ئەمە سەرەتای دەستپێکردنم بوو.

پرسیار: چۆن هونەری گۆرانیت هەڵبژارد، ئایا بە هەڵبژاردنی خۆتان بوو، یان بە هاندانی کەسانی تر؟

وەڵام: دەتوانم بڵێم هۆکاری سەرەکی هەردوکیان بوون، من هەر لە منداڵییەوە حەزم لە هونەری گۆرانی و مۆسیقا کردووە و ئەو بەهرەیەشم هەبووە، دیارە ئەگەر ئەو بەهرەیە پشتگیریی و پاڵپشتی لە دواوە نەبێت، ئەوە ئەو بەهرەیە بەر ناگرێت، ئەوانەش کە هاندەرم بوون، دەبێ دیسان بگەڕێمەوە بۆ سەرەتای دەستپێکردنی کاری هونەریم کە مامۆستا بەڕێزەکانم لە قوتابخانەی سەرەتایی یەکەم هاندەرم بوون و، ئەو دەرگایەیان بۆ کردمەوە. دوای ئەوەش دەبێ سوپاسی هاوسەری ژیانم "قادر توانا" بکەم کە هاندەرێکی ڕاستەقینەم بوو، بە هۆی ئەوەی کە خۆی نووسەر و شاعیرە، لە لایەکی تریشەوە دەبێ سوپاسی براکەم عەلی محێدین بکەم کە وەک گۆرانیبێژێک هاندەرم بوو، نابێت ڕۆڵی گرنگ و کاریگەری کوڕەکەم "دیدەن توانا" لەبیر بکەم کە لە هەموو بۆنە و ئاهەنگەکاندا موزیکی بۆ ژەنیوم و تەنانەت ئەلبوومی یەکەمیشم ئەرکی تۆمارکردن و ئاواز و دابەشکردنی موزیک هەر لە ئەستۆی ئەو بووە. هەروەها گوێگرتنم لە گۆرانی هونەرمەندە دەنگخۆشەکان هاندەرێکی ترم بووە.

**پرسیار: چۆن دەڕوانیتە موزیک و گۆرانی کوردی؟**

**وەڵام:** ەگەر مۆرکی کوردەوارییان پێوەبێت و لەسەر بنەمایەکی زانستیانە ڕێچکەیان گرتبێت، ئەوا هیوا و ئومێدێکی زۆری لێ بەدی دەکرێت، لەو بڕوایەدام تا ڕادەیەکی باش هەوڵی ئەوەی بۆ دەدرێت و هەنگاوی چاکیشی بۆ نراوە، بە هیوای دوا ڕۆژێکی ڕووناک و پرشنگدار بۆ هونەری کوردی بە گشتی و هونەری موزیک و گۆرانی بە تایبەتی دەخوازم.

**پرسیار: ئایا بە هەموو گۆرانیبێژێک دەگوترێ هونەرمەند؟**

**وەڵام:** تەنیا کەسانی خاوەن ئەزموون و شارەزا و لێهاتوو شایەنی ئەو وشە پیرۆزەن، بۆیە ناتوانین بە هەموو گۆرانیبێژێک بڵێین هونەرمەند.

**پرسیار: تا چ ڕادەیەک میدیای کوردی خزمەت بە هونەرمەندان دەکات؟**

**وەڵام:** میدیا جیهانێکی زۆر فراوانە و گەلێ بەشی لێ دەبێتەوە کە هەر یەکەیان بە شێوازێک خزمەت دەکەن، ئەرکی ئەو کەسانەی کە لەم بوارەدا کار دەکەن زۆر سەخت و پیرۆزە، بۆیە دەبێت کەسانێ لەم بوارانەدا کار بکەن کە شارەزاییان هەبێت و حەزیشیان لە کارەکەیان بێت. ڕاستە گوتویانە "نان بۆ نانەوا و گۆشت بۆ قەساب" مەخابن زۆر جار ئەو پەندە پێچەوانە دەبێتەوە، یەکێ لەو خزمەتانەی کە میدیای کوردی دەبێت بیکات، خزمەت کردنە بە هونەر و هەر لەم ڕێگایەشەوە خزمەت بە هونەرمەندانیش دەکرێت، جا ئایا لە ڕووی ناساندنیانەوە بە جەماوەر یان لە ڕووی گەیاندنی پێشنیار و داخوازییەکانیان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بە لایەنە پێوەندیدار و بەرپرسەکان کە بە لای منەوە تەلەفزیۆن لە هەموووی زیاتر دەتوانی ئەم ئەرکانە ئەنجام بدات، بە کورتی، میدیای کوردی بە هەموو بەشەکانییەوە هاندەر و پاڵپشتێکی باشی هونەرمەندانە بۆ بەرهەمهێنانی باشتر و بە چێژتر ئەگەر ئاوڕێک لە بوارەکانی هونەری بدەنەوە.

**پرسیار: ئەو کارە هونەرییانە کە پێشتر ئەنجامتداون، چین؟**

**وەڵام:** جگە لە بەشداربوون لە زۆرینەی بۆنە و ئاهەنگەکان، یەکەم ئەلبوومم لە ساڵی ١٩٩٩ دەرکرد کە ئاوز و دابەشکردن و ئامادەکردنی "دیدەن"ی کوڕم بوو، ئێستاش لە هەوڵی دەرکردنی ئەلبوومی دووەمم.

**پرسیار: حەز بە دەنگی چ هونەرمەندێک دەکەیت؟**

**وەڵام:** حەزم بە دەنگی زۆر هونەرمەندە، بەڵام ئەو هونەرمەندانەی کە زۆر کاریگەرییان لەسەرم هەبووە و زۆر حەز بە دەنگییان دەکەم: (ڕەفیق چالاک، محەمەد ساڵح دیلان، مریەم خان، کەریم کابان، ناسری ڕەزازی، بەهجەت یەحیا و تایەر تۆفیق و زۆر هونەرمەندی تریش.

**پرسیار: ئاستی هەڵسەنگاندنی جەماوەر بەرانبەر کارە هونەرییەکان چۆن دەبینیت؟**

**وەڵام:** جەماوەر بە شێوەیەکی گشتی گوێ لە گۆرانی دەگرێ، جا ئایا بە سی دی بێت لە ماڵەوە یان لە ئاهەنگەکان، بەڵام مەخابن ئێمە جەماوەری کۆنسێرتمان نییە. هەموو هەر حەز لە گۆرانی شایی و هەڵپەڕکێ دەکەن بە تایبەتی لە ئاهەنگە کوردییەکاندا، لە ڕاستیدا جەماوەر هاندەرێکی زۆر گرنگە بۆ هونەرمەند، بەڵام بە داخەوە جەماوەری ئێمە نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە ببێ بە هاندەری هونەرمەند لە ڕووی کڕینی بەرهەمەکان هونەمەندان، هەر کاتێ جەماوەر لە کۆپیکردنی بەرهەمە هونەرییەکان خۆی ڕزگار کرد و سیدی هونەرمەندەکانی کڕییەوە، ئەو کاتە دەتوانین بڵێین هونەرمەند جەماوەری خۆی هەیە، هونەرمەندیش دەتوانێ خۆی پێشبخات و بەرهەمی نوێ ئامادە بکات. ئێستا تاکو هونەرمەند سی دی یەک ئامادە دەکات، دووچاری دەیان کێشە دەبێتەوە و کاتێک کە دەکەوێتە بازاڕەوە کۆپی دەکرێت و هونەرمەند تووشی زیان دەبێت و ناتوانێت خۆی بۆ بەرهەمێکی دیکە ئامادە بکات، تا ئێستاش دەزگایەکی تاینەتی نییە ئەو ئەرکە بخاتە ئەستۆی خۆی بۆیە هونەرمەندانی کورد جیاوازیان زۆرە لەگەڵ هونەرمەندانی میللەتانی تر.

**پرسیار: هونەر لای تۆ چییە و ڕەنگدانەوەی لە نێو کۆمەڵگادا چۆنە؟**

**وەڵام:** هونەر وشەیەکی پیرۆزە. هونەر داهێنان و بەهرەیە، پێشکەوتن و دواکەوتنی هەر میللەتێک بە هونەرەکەیەوە دیاری دەکرێت.

**پرسیار: دوا وتەت بۆ پەیامی کورد، چییە؟**

**وەڵام:** من زۆر سوپاستان دەکەم کە بەم جۆرە هونەرمەندان بەسەر دەکەنەوە و کێسە و گرفت و پێشنیار و داخوازییەکانی هونەرمەندان دەخەنە بەر دیدی جەماوەر، هیوادارین بەردەوامی بەو کارانەتان بدەن و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین. ■■■

## ئەمساڵ لە ڤیستیڤاڵە هونەرییەکانی هۆڵەندا

# تیپی مۆسیقای ئازادی تاکە بەشداری کورد بوو

**ساسان دەروێش – هۆڵەندا**

بەپێ ی ئەو سەرچاوانەی کە لە چاوپێکەوتنەکاندا، لەگەڵ هونەرمەندان دەکرێ، هەموولە سەرئەوە کۆکن و گازەندە دەکەن، هونەری ئاواز و مۆسیقای گۆرانی کوردی، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕەسەنایەتی خۆی ون دەکات و بەهابەرزە هونەریەکانی لە نێو دەبرێ، بە نەمانی تام و چێژی کوردانەی، کار تێکەریشی تێکەڵ بوونی مۆسیقای ڕۆژئاوایی‌یە کە لەلایەن چەند کەسانێکی هەرزەکار و کەم ئەزموون کە خۆیان خزاندۆتە نێوئەم هونەرەو بە هونەرمەند لە قەڵەم دەدرێن، وکاری گەرن بەهونەری بێگانە، ئەو شەپۆلە گەورە وتازانەیان لەگەڵ خۆیان هێناوەتە کەنار، وەک هونەرمەند لە گۆرانی کوردی، بێگومان ڕووبەڕووی ئاکامێکی تاڵیان کردوینەتەوە،

بەوەی هەست دەکەیت کە گۆرانی و ئاوز و مۆسیقای کوردی کەوتووەتە تەنگژەیەکی خەتەرناک و زۆربەی ئاوازەکانمان بیانین، هیچ کاتێک کولتوور و هونەر و ڕۆشنبیریەتی نەتەوەیەک لەگەڵ نەتەوەیەکی تر چوون یەک نیە، بەڵام دەکرێ بڵێن نزیکی هەیە بەو مانایەش نا، هی ئەوان هی ئێمە بن وهی ئێمەش هی ئەوان بێ، زۆر بەدەگمەن لەم تازە هەڵکەووتوانە مەقام و لاوک و حەیران ی کوردی دەبینین کەکولتووری هونەری بەرزی خۆمانی پێ بپارێزین، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بێتوو سەیری بناغەی فۆلکلۆری گۆرانی و ئاوازی کوردی بکەین ئەوەندە دەوڵەمەندە کە نەوەی نوێ داهاتووی گۆرانی کوردی پێ زامن بکەن لەو گەنجینە گەورەیە. دەمەوێ باس لە هونەرمەندێکی تاراوگە بکەم کە ئەویش(ڕزگار ڕەنجەڕۆ)یە کە ساڵانێکی دوور و درێژە لەگەڵ هونەری گۆرانیبێژی،ڕێڕەوی‌ڕاستەقینەی کوردانەی گرتۆتەبەر، کە لەو پێناوەشدا زۆرکاری جوان وماندووبووون و شەونخونی بەبەرهەمەکانیەوە دیارە بەتایبەتی لەسی دیە تازەکەیدا، دیارەکە دوورە لە و قەیرانەی کە بە سەرگۆرانی کوردی هاتووە لە تاراوگە، کەبە هە نگاوەکانی بەرەو لوتکەی سەر بڵندی و ئەفراندن وجوانکاری و داهێنان لە هونەری ئاواز ومۆسیقای کوردی دەکات.

بەبێ ئەوەی ڕتووشی هونەری بێگانە تێکەڵ بە هونەرەکەی بکات، هەندێ بە ناو هونەرمەند هەیە ئەگەرگوێ بیست و بینەرەکەی بیانی بێ هیچ هەست بەتام وچێژی کوردی ناکات، بەڵام کاکە ڕزگارلەگەڵ ئەوەی کە کاری هاوبەش لەگەڵ هۆڵەندیەکان دەکات هەست بەجیاوازی دەکرێ لە هونەرەکانیاندا کە ئەوان هۆڵەندین و ڕزگاریش کوردە، ئەگەر بێتوو بەشداربی لەبینینی ئاهەنگگێڕانیکاکە ڕزگار، سەیردەکەی سەروسیمای خۆی یەک پارچە فۆلکلۆری کوردی‌یە بە هەمیشەیی، ئەویش بە پۆشینی جلی کوردی دەشتی هەولێریان، ئەگەربێت و چاوێک بە ماڵپەڕە هۆڵەندیەکاندا بگێڕین بە تایبەتی ساڵی ئەم ساڵ واتە ٢٠٠٥ لە ئاهەنگ و ڤیستڤاڵەکانی کە بە بۆنەی ٦٠ هەمین ساڵڕۆژی بوونی کۆتاییهێنانی شەڕی جیهانی دووەم وئازادکردنی هۆڵەندا لەدەست نازییەکان ویادکردنەوەی قوربانیەکانی کارەساتەکانی لە4و5ی مایس دەبینی تیپێکی مۆسیقای کوردی بەشداریان کردوە بەناوی تیپی مۆسیقای ئازادی کە پێک هاتوون لەم بەڕێزانە : ڕزگار ڕەنجەڕۆ، هیواجەمال، هەرێم سەلاح، سۆران ئیبراهیم خەیات، شارام سابووری، حەسەن گەنجۆ، ئالان عارف.

شایانی گوتنە ئەم تیپە لەڕێگای ڕێکخراوێکی هۆڵەندی کە نموونەی گۆرانیەکان وبەرهەمەکانی خۆیان بۆناردوە، دوای پشکنینی، بەشداریان پێ کردوون لەهەمووئاهەنگەکاندا، بەتایبەتی لە فیستیڤاڵەکانی ئەمساڵی شارە گەورەکانی هۆڵەندا.

بەپێی میدیاکانی هۆڵەندا وماڵپەڕە هۆڵەندیەکان تیپی ئازادی دەورێکی کاریگەریان لە نیشاندانی هونەری ئاواز و مۆسیقای گۆرانی کوردی نیشانی خەڵکی هۆڵەندا داوە و جێگای خۆشحاڵیان بوون ، ئەمەش خۆی لە خۆیدا سەرکەوتنێکی گەورەی هونەری کوردی یە، بەڵام ئەوەی جێگای ئاماژە پێ کردنە ئەم تیپە خنجیلانە یە، زۆر نیگەران بوون لە کەناڵە ئاسمانیە کوردیەکان بەگشتی کە بەشدار نەبوون لە گواستنەوەی بڕگەکانی ئاهەنگی تیپەکەیان ئەوەی کە ئێمە گوێ بیستی بووین لەخۆیانەوە تەنها ئەوە بووە کە هیچ ڕەنگ و نیشانەی هیچ پارت وڕێکخراوێکی سیاسی کوردستانیان لە خۆیان نەداوە تەنها وتەنها کوردستانی بوون و بەناوی کوردستانەوە بەشداری ڤیستیڤاڵەکان بوون.■■■



تیپی ئازادی دەورێکی کاریگەریان لە نیشاندانی هونەری ئاواز و مۆسیقای گۆرانی کوردی نیشانی خەڵکی هۆڵەندا دا



# پەیڤ...

نووسینی: ڤینۆس فایەق

## دایکە ئەمریکیەکانیش باری سەرنجیان هەیە سەبارەت بە شەڕی ئەمەریکا لە دژی تیرۆر..

سەبارەت بە چوونی کورەکەی بۆ عیراق بۆ بەشداری کردن لە رزگارکردنی عیراق و عیراقیەکان لە دەست دڕندەترین دیکتاتۆری سەردەم، دایکێکی ئەمەریکیم بە ڕێکەوت لە ئەمەریکا لە ویلایەتی میزووری ناسی وتی: من هیچ پێم خۆش نییە کورەکەم چووە بە شداری بکات لەو شەڕەدا، ئەوە ئیشی ئەو نییە، وتم : ئەی ئیشی کێیە ؟ ئەوەتا سەرۆک بووش ئەو ئەرکەی گرتە ئەستۆی خۆی و میللەتانی عیراقی لە سەددامی خوێنڕێژ رزگار کرد و هەر ئەویش دواتر شەڕی دژ بە تیرۆری دەستدایە و ئەیەوێت ناوچەکە لە تۆوی تیرۆر رزگار بکات؟ دایکەکە وتی: بەڵام ئەوە ئیشی بۆشی سەرۆکیش نییە ، ئەو چ پەیوەندیەکی بەو ناوچەیەوە هەیە ئەگەر نەوت نەبێت، وتم : ئەی دوای ئەوەی کوڕەکەت ڕۆشت تۆ چیت کرد؟ وتی: هیچ، لەگەڵ کۆمەڵی دایکانی تری وەکوو خۆم دڵی خۆمان بەوە دەدایەوە کەوا کورەکانمان چوون بۆ داکۆکی کردن لە وڵاتەکەیان و پاراستنی لە تیرۆری سەردەم کە بۆش دەڵێت رەگەکەی لە ئایینی ئیسلامدا داکوتاوە، بەوە دڵی خۆمان خۆش ئەکەین گوایا کوڕەکانمان ئەرکێکی نیشتیمانی پیرۆز بەجێ دەهێنن و دووعایان بۆ دەکەین بە سەلامەتی بگەڕێنەوە. ئەو کاتەی ئەو قسانەم لەگەڵ ئەو دایکەدا ئەکرد بەدەست خۆم نەبوو دایکانی شەهیدانی ڕێی رزگاری کوردستان و دایکانی شەهیدەکانی هەڵەبجە و شەهیدەکانی ئەنفال و ئەوانەی بە کۆمەڵ زیندە بەچاڵکران هاتەوە یاد. بیرم لەوە کردەوە ئەی ئەوان لەپێناو چیدا شەهیدبوون؟ دایکیان لەپێناو چیدا جەرگیان سووتا، لەپێناو ئەوەی دیکتاتۆرێک هەموو ئارەزوویەکی کوشتن و لەناوبردنی مکیللەتەکەیان بوو، هەموو خەون و خەمێکی زیندەبەچاڵکردنی گەنج و پیر و ژن و منداڵ بوو بە کۆمەڵ لەپەنا یەکا لە گۆڕەکاندا، لەو دایکەم پرسی: ئێوە قەت ئەوانەتان بەسەر هاتووە کە بەسەر کورد هاتووە؟ من ئەزانم ئێوە و ڕۆڵەکانتان کە دەبنە خۆراکی ئەو جەنگە چ کارێکتان بەو مەسەلەیەوە نیە، بەڵام ئێمەش زیاد لە ٤٠ ساڵە قڕ ئەکرێین ..

ئەمەریکیەکان لە راستیدا ئەگەر لەگەڵیان بدوێیت پێت ئەڵێن ئەوان کینیان لە عیراقیەکان نیە، ئەوان کینیان لەو بڕیارەی سەرۆک بووشە بە جەنگین لە دژی تیرۆر و کینیان لەوەیە کەوا ڕۆڵەکانیان بکاتە قوربانی ئەو جەنگە .. گەنجێکی ئەمەریکی تەمەن ٢١ ساڵ براکەی کە تەمەنی ٢٤ ساڵە نزیکەی ساڵێکە لە عیراقە لەگەڵ هێزەکانی ئەمەریکا وتی: نازانم سەرۆک بووش بۆچی ئاوڕ ناداتەوە لە هۆکانی سەرهەڵدانی کێشەی تاوان و بگەڕێت بۆ چارەسەرکردنی زیادبوونی ڕێژەی تاوان بەهەموو جۆرەکانیەوە لە ئەمەریکا ، ئەگەر نەوت و بەرژەوەندیە ئابووریەکان نەبێت هێزەکانی ئەمەریکا لە عیراق چیدەکەن ..

سەیر لەوەدایە ئەوان لە گۆشەیەکەوە لەمەسەلەکە ئەڕوانن و لە گۆشەنیگایەکەوە بیری لێدەکەنەوە و ئێمەش لە گۆشەنیگایەکی ترەوە.. ئەوان عیراق بە دۆزەخی ئەمەریکیەکان و گۆڕستانی کوڕ و لاوەکانیان ئەزانن ، ئێمەش هەر هەمان ئەو هێزانە بە رزگارکەرمان ئەزانین و هەندێکیش لە عیراقیەکان بە داگیرکەریان ئەزانن، لەو بەینەشدا شەڕی دژی تیرۆر هەربەدەوامە و هێزەکانی ئەمەریکا هەر ئەمێنن و لاوە ئەمەریکیەکانیش ئەکوژرێن، ئەوەش باجی بەرژەوەندیەکانە بو ئەمەریکیەکان و باجی رزگاربوونی ئێمەشە.. دەنا چ جیاوازیەک نیە دایک هەر دایکە لە هەرکوێ بێت، بەڵام دایکیش نیە لە دونیادا بە هێندی دایکی قوربانی و شەهیدانی ڕێگای رزگاری کوردستان بەهێز خەم باڵابەرز بێت.. ■■■

## Yadek le Dilşad Merîwanî

# Şehîdî Zimanî Kurdî

*Mistefa Çiwartayî*

Ziman yekêke le hêma giringekanî bûnî her neteweyek, giringîw pîrozî pêş ala û serwerîş dekewêt. Detwanîn blêyn pênaseye, kultûre, amrazêkî pêşkewtinî şaristanyete. Amêre bo derbirînî hizrî mirov û arastekarî fermanekanyetî. Eme sereray ewey ke hokarî axawtin û lêktêgeyştine. Yekêk lew zimananey ta êsta şêwazêkî yekgirtû û standartî bexowe negirtûwe, zimanî kurdî ke le çend diyalêktêkî ciyawaz pêkdêt û lewanîşewe çendîn liqî lê debêtewe. Kêşeyekî lem core tenha bo ême dirûst nebûwe, belkû zor le netewekanî dîke heyanbiwe yan heyane, bo nimûne zimanî elmanî heta salî 1913 çendîn diyalêktî ciyawaz bû, paşan leser destî dû bira, tiwanra bikrête ew zimaney ke êsta pêy denûsin û depeyvin, legel eweşda her dû bo sê sal carêk gorankarî têda dekrêt û berdewamîşe. Ereb her le konewe ta êsta her yeke be diyalêktî xoy depeyvê lê yek şêwazî nûsinyan heye ewîş be diyalêktî qûreyşî kon denûsin çûnke zimanî qurane.

Netewey kurd ziyatir le her neteweyekî dîke, ziman û kultûrekey lejêr hereşe û lenawbirdinda bûn, wilatekey parçekiraw û xoşî dabeşkiraw, dagîrkerî her parçeyek be şêwazêk hewlî lenawbirdin û tiwandinewey em neteweyey dawe. Le turkye kemalyekan delên kurd niye û ewane turkî kêwîn û zimanî kurdî bo nizîkî 80 sal qedexe biwe, le êranda zimanî kurdî wek liqêkî zimanî farsî seyrdekrêt û nabêt bixwêndrêt, le suryada ewe xo kurd leray xwada wek penaber qebûl kirawin nek wek milletêk leser xak û niştimanî xoyan bijîn. Le êraqiş hemû çîrokeke dezanîn. Nawerokî taybetî em nûsîne bo kesêke ke nek be praktîk le rêkxistinî nihênîda dijî rijêmî dagîrkerî be'sî erebî xebatî dekird belkû wek mamostayekî bîrrûn û peroşî zimanî kurdî lejêr zebrû zengî be'sîşda çawnetirsane xizmetî zimanî kurdî dekird. Dilşad Merîwany le (Amadeyî Helgurdî wejeyî) mamostay zimanî kurdî bû, le katêkda rijêmî be's geyştibiwe diwa lûtkey dirindayetî û helmetî lenawbirdinî gundekanî kurdistanî destpêkirdibû û le çekî kîmyawî kelkî werdegirt, bêdengî nêwdewletîş çekêkî dîkey karîger bû bo dirêjepêdanî tawanekanî rijêm. Lew kateda Dilşad Merîwanî şehîd le polekanî xwêndinda qutabyekanî fêrî rênûsî kurdî latînî dekird, jimareyekî zor le qutabyan leser destî ew û hizrî ew fêrî xwêndin û nûsîn be rênûsî latînî, bûn.



Dilşad Merîwanî tenya Mamosta nebû belkû şae'r, nûser, Rojnamenûs û hunermendîş bû. Kesayetiyekî nawendî wêje û roşinbîrî kurdîbû. Em karey em deykird bo rijêmî be's cêgey lêxoşbûn nebû, be taybetî pêştirîş gumanî ewey leser bû ke wek pêşmergey nihênî naw şar le hewlî kuştinî parêzgarî bekrêgîrawî slêmanîda beşdarbûbêt. Qederî Dilşad Merîwanî wabû ke le mangî azarda ledayikbêt û le mangî azarda şehîd bêt. Mangî azar bo kurd, mangî şayî û şîwene, mangî destkewte meznekan û nişûstyekane, mangî bone niştîmanye pîrozekan û ledayikbûn û koçkirdinî serkirdekane.

Dilşad Merîwanî le 28-3-1947da le şarî slêmanî ledayik biwe, le operasyonî 9î huzeyranî salî 1963da ke hêşta 16 salan bû legel sedan kesî bêgunahî şarî slêmanî rapêçî hamye kira û kewte ber azar û aşkencey rijêmî be's, lew roje bedwawe be pênûs û be hizr û be kirdewe dijî be's û dagîrkeranî kurdistan le xebatdabû.

Le kotayî salî 1988da rojêk çend kesêkî ser be dezgay amnî bednaw be dûyda dên û daway lê deken legelyanda birwat, her ew royştinebû ta êstaş negerayewe. Wa bîstrawe giwaye le 13-3-1989 da gullebaran kirabêt, belam ta êsta rûn niye û termekey be kesûkarî nedrawetewe. Eger kurd bîr le dirûstkirdnî peykerî serbazî win yan pêşmergey win bikatewe, ewa şayîstey eweye ke leser şêwe û sîmay Dilşad Merîwanî bêt. ■■■

## پرسەنامە

بە بۆنەی کۆچی دوایی هونەرمەندی گەورەی گەلەکەمان، هونەرمەند "عوسمان عەلی" لە ناخی دڵمانەوە پرسە و سەرخۆشی خۆمان ئاراستەی کەس وکاری خوالێخۆشبوو و دۆستان و هەڤاڵان و یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان و تەواوی گەلی کورد دەکەین، لە یەزدانی مەزن داوا دەکەین بەبەهەشتی بەرینی شاد بکات و ئارامی و ئاسوودەیی بە خێزانەکەی و خۆشەویستانی ببەخشێ.

**پەیامی کورد**

# شالوور و تووتی



حەمە سەعید حەسەن

**لاتحسبوني أرقص بينكم طربا**
**فالطير يرقص مذبوحا من الألم**

گەورەترین کارەساتێک کە بەرەو ڕوومان ببێتەوە، ئەوەیە بڕوامان بە خۆمان نەمێنێت، مردن لەو ڕۆژەوە دەستپێ ناکات کە دڵمان لە لێدان دەکەوێت، لەو ڕۆژەوە دەستپێ دەکات، کە متمانەمان بە خۆمان نامێنێت. میللەتێک بڕوای بە خۆی پتەو بێت و خەون بە ئایندەیەکی گەشەوە ببینێت، هانا بۆ پاساوی هەلومەرجی ناسک نابات و لە نیشاندانی گەندەڵی و کەموکوورییەکان ناترسێت. ئەگەر دەست نەخەینە سەر برینەکان، ئەگەر نەخۆشییەکان دەستنیشان و چارەسەر نەکەین، ئیدی چۆن دەبینە خاوەنی کۆمەڵگەیەکی تەندروست؟ ڕەخنەگر لە پێناوی داهاتوویەکی ڕۆشندا، باسی لایەنە تاریکەکانی کۆمەڵگە و ئەو دەردە کوشندانە دەکات کە جەستەی کۆمەڵیان دارزاندووە. نەخۆشییەکان زادەی ڕەخنە نین، ڕەخنەکان زادەی نەخۆشییەکانن، ئەو نەخۆشیانە بەوە چارەسەر ناکرێن، چاو لە ئاستیاندا بنووقێنین، بەوە چارەسەر دەکرێن، ڕوو بە ڕوویان ببینەوە و هەوڵی وشککردنی سەرچاوەکانیان بدەین.

من لە سۆنگەی ئەوەوە کە دژی شەڕی نێوخۆم، ڕەخنە لە هەڵگیرسێنەرانی ئەو شەڕە پۆخڵە دەگرم، ئەو شەڕە من، نە هەڵمگیرساندووە، نە بەشداریم تێدا کردووە، نە هەوڵی خۆشکردنی ئاگرەکەیم داوە، قارەمانانی شەڕی براکوژی، کەسانێکی ناسراون، ئەوانەن کە بازرگانییان بە خوێنی کوردەوە کردووە، ئەوانەن کە دەستیان بە خوێنی کورد سوور بووە و ئەوانەن کە بە شیعر و پەخشان، ستایشی جەنەڕاڵانی شەڕیان کردووە. ئەگەر تاوانێکی مەزن لە ئارادا هەبێت، کە بە دڵنیاییەوە هەیە، ئەوا تاوانبارانی ڕاستەقینە، هەڵگیرسێنان، جێبەجێکەران و ئاگرخۆشکەرانی شەڕی نێوخۆن، نەک ئەوانەی تیری ڕەخنەیان ئاڕاستەی قارەمانانی شڕەکە کردووە.

ئایا ئەوانەی ئەنفالیان کردین، لە تەنگانەکانی داهاتوودا، بە هانامانەوە دێن؟ ئایا ئەوانەی ماڵی کوردیان کاول کرد، دەتوانن ئاوەدانی بکەنەوە؟ ئایا ئەوانەی شەڕیان هەڵگیرساند، دەتوانن ئاشتیمان بۆ دابین بکەن؟ سەرنج بدەن، ئەها سەرسەختترین قارەمانی شەڕی نێوخۆ، چۆن خۆی گورگە کردووە، ئەها نەک هەر لە یەکەمین کۆبوونەوەی پەرلەماندا ئامادە نابێت! بەڵکوو تەنانەت بەشداری لە ڕێوڕەسمی یادی سی ساڵەی حیزبەکەی خۆیشیدا، چونکە لە سایەی ئاشتیدا بەڕیوە دەچێت، ناکات! بۆ ئەوەی ئەنفال نەکرێینەوە، بۆ ئەوەی نەفسنزمان، سڵ لە تاقیکردنەوەی ڕێگەی ناپاکی بکەنەوە، بۆ ئەوەی شەڕی براکوژی هەڵنەگیرسێتەوە، پێویستە ئەنفالچییان، قەرەفایلان و قارەمانانی شەڕی نێوخۆ، نەک هەر بەردەوام ڕسوا بکرێن، بەڵکوو یەکە یەکە بە دادگەیش بدرێن.

کانت دەبێژێت: (ویستی چاک، پێویستە لە هەموو هەلومەرجێکدا هەر چاک بێت، نابێت لە فلان بارودۆخدا چاک و لەوی تردا خراپ بێت، دەبێت هەمیشە ئامێرێک بێت بۆ گەییشتن بە ئامانجێکی خاوێن.) هیچ پاساوێک دادی ئەنفالچییان، هەڵگیرسێنانی شەڕی براکوژی و ناپاکان نادات، ئەوانەی دژی بەباکردنی کای کۆن و کولاندنەوەی برینەکانن، نە نیازیان خاوێنە، نە ڕابردوویان، ئەوانە لە دیزە بە دەرخۆنەکردنی تاوانەکان، سوودمەند دەبن. شیعر کارێک دەکات، ڕۆحی ئینسان بەرەو بەرزایی هەڵبکشێت، ئەوانەی لەبەر قازانجی تایبەتی، یان بەرژەوەندی حیزب، چاو لە تاوانی قەڵاچۆکەرانی میللەت دەپۆشن، داوێنی ڕۆحیان لە زەلکاو دەخشێت.

کافکا دەڵێت: (کە زیان بە زمان بگات، زیان بە هەست و بە عەقڵیش دەگات.) بۆیە ئەگەر زمانت پیس بێت، ئەوە نیشانەیە بۆ ئەوەی نە هەستت خاوێنە و نە ئاوەزت ساغ. ئەندامی کلۆڵی گوێلەمستی حیزب، چونکە خۆی کۆیلەیە، قەت بڕوا بەوە ناکات، کەسانی ئازاد هەبن. جیاوازی نێوان ئەندامی گوێڕایەڵی حیزب و نووسەری ئازاد، وەک جیاوزی نێوان تووتی و شالوور وایە، قسەی ئەم و ئەو دەڵێتەوە، شالوور، گۆرانییەکانی لە ناخی دڵییەوە هەڵدەقوڵێن. ■■■

٢٠٠٥/٦/٢٢

حەسیب رۆژبەیانی، ئەندامی ئەنجوومەنی شاری کەرکوک:

# بەرەی تورکمانی درۆی لەگەڵ دایک و باوکی خۆیان کرد کە تورکیایە و سەرچاوەی داراییانە



بەرێز حەسیب رۆژبەیانی ئەندامی ئەنجومەنی شاری کەرکوک بەرپەسی نووسینگەی "قەرەبووکردنەوە و گەڕانەوەی دەرکراوەکانی کەرکوک"، بەیاوەری وەفدیکی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، کەپێکهاتبوو لە بەرێزان "دکتۆر ناسح غەفور سەرۆکی فراکسیۆنی زەرد لەپەرلەمانی کوردستان و رۆمیۆ هەکاری ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و نیهاد لەتیف قۆجە نوێنەری پارێزگای هەولێر و سلاح عەوڵا و محمەد علی نوێنەری کۆمەڵێ کۆمپانیای گەورەی کوردستان" هاتونەتە ئەڵمانیا. ئەو سەفەرە لەلایەن پرۆفسیۆر "تیلمان تسیولش" کە دۆستێکی نزیکی کوردە و لێپرساوری "کۆمەڵەی گەلانی هەڕەشەلێکراو"ە کە بارەگاکەیان لەشاری گوێتنگنی ئەڵمانیایە، رێکخرابوو. بۆ تیشک خستنەسەر بارودۆخی ئێستای کەرکوک، پەیامی کورد بەدەرفەتی زانی دیدارێک لەگەڵ بەرێز حەسیب رۆژبەیانی سازبکات.

پەیامی کورد: لەم سەفەرەتان بۆ ئەڵمانیا، ئامانجتان چی بوو؟

وەڵام: لە هەفتەی رابردوودا، لەگەڵ بەرپرسی بەشی رۆژهەڵاتی ناوەراست و بەرێوەبەری بەشی کەمە نەتەوەکانی جیهان لەوەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا کۆبووینەوە، لەم کۆبوونەوەیەدا باسی بارودۆخی هەرێمی کوردستان و کەرکوک، کرا. بەرپەرچی ئەو پڕوپاگەندانەمان دایەوە کە گوایە لەکەرکوک لەلایەن هێزی ئەمریکی و ئاسایشی کوردستانەوە، عەرەب و تورکمان دەگیرێن و رەوانەی هەولێر و سلێمانی دەکرێن کە رۆژنامەی واشنتۆن پۆست بڵاوی کردبووەوە، کەچی لە راستیدا هێزی فرە رەگەزەکان چەند تیرۆرستێکی عەرەبیان گرت بوو، بە هۆی نەبوونی شوێن لە کەرکوک بە ناچاری رەوانەی بەندیخانەی هەولێر و سلێمانی کردن کە هیچ تورکمانێکیان لەگەڵدا نەبووە لەناو گیراوەکاندا.

پەیامی کورد: ئایا بۆچی تا ئێستا حکومەتی بەغدا هیچ هەنگاوێکی نەناوە بۆ جێبەجێکردنی مادەی ٥٨ کە تایبەتە بەئاساییکردنەوەی کەرکوک؟

وەڵام: حکومەتەکەی ئەیاد عەلاوی، زۆربەی بەرپرسەکانی کۆنە بەعسی و عەرەبە شۆفینیەکان بوو بوون. دوای دامەزراندنی حکومەتەکەی ئبراهیم جەعفەری، سەرەڕای هاوپەیمانیەتی لەنێوان لیستی هاوپەیمانیەتی کوردستان وئیتلافی شیعەدا، بەداخەوە هەزار خۆزگەم بە حکومەتی عەلاوی کە هێشتا لەو حکومەتەی ئێستای شیعە باشتر بوو بۆ کەرکوک.

پەیامی کورد: سەرۆکی هەرێم چ سودێکی دەبێ بۆکەرکوک؟

وەڵام: بوونی سەرۆکی هەرێم وەکو مەرجەعێک کاریگەری گەورەی دەبێ، ئەو سەردانەی سەرۆک بارزانی بۆ بەغدا و دیداری لەگەڵ لێپرساوانی بەغدا و پێ داگرتن لەسەر کوردستانی کەرکوک وەکو لەمادەی ٥٨دا، هاتوە کە هەرگیز مساوەمەی لەسەر ناکرێ و هەوڵی گەڕانەوە بۆ ئیدارەی هەرێمی کوردستان دەدات، گرنگی بوونی سەرۆکی هەرێمی دەرخست.

پەیامی کورد: ئایا چەند کێشەی زەوی و زار موڵکداری چارەسەر کراوە؟

وەڵام : لە ١٥ هەزار کێشە کە لە لایەن خەڵکی ئاوارە کەرکوکەوە تۆمار کراوە، ماڵ وملکیان لەلایەن بەعسیەکان وعەربە هاوردەکان دەستی بەسەر داگیراوە، بەڵام تەنها ١٠ تا ١٥کەس ماڵ و موڵکی خۆیان وەرگرتووەتەوە. ئێمە لە "نووسینگەی قەرەبووکردن و گێڕانەوەی ئاوارەکان"ی سەر بەپارێزگای کەرکوک، نووسراوێکمان ئاراستەی وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق کردووە، داوامان لێ کردوون ئەو بڕیارانەی مەجلیسی قیادەی سەورەی بەعسی گۆربەگۆڕ هەڵبوەشێندرێتەوە، کەچی وەزارەتی کشتوکاڵی عێراقی رەوانەی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقی دەکات لەوێوەشەوە رەوانەی Apss دەکات وەکو یاری تۆپی پێ هەردەمێک لەشوێنێکدا ئاستەنگ درووست دەکەن و بە چاوێکی سووک سەیری کەرکوک دەکەن. تا ئەو کاتەی ئێمە بەیەکەوە ئەم چاوپێکەوتنە دەکەین؛ بە عەرەبکردنی کەرکوک بەردەوامە. فەرمانبەری عەرەب لە ناوەڕاست وباشوری عێراق رەوانەی کەرکوک دەکەن، کەچی بەهەزاران کەس لە کەرکوک بێ کارن، ئەگەرچی بەرێز عبدرحمان مستەفا پارێزگاری کەرکوک بەنووسراویک گواستنەوەی فەرمانبەر و کرێکاری لەپارێزگاکانی تری عێراقی وەستاندوە. حکومەتی بەغدا تائێستا هیچ جۆرە پارەیەکی بۆ کەرکوک تەرخان نەکردوە، تەنها ئەو کاتەی کە بەرێز دکتۆر بەرهەم ساڵح جێگری سەرۆکی حکومەتی بەغدابوو برێ ١٠٠ ملیۆن دۆلاری بۆ ئاوەدانکردنەوەی کەرکوک تەرخان کرد کەچی تەنها ٢٥ ملیۆن دۆلار گەیشتەکەرکوک و٧٥ ملیۆن دۆلار لە بەغدا مایەوە.

پەیامی کورد: ئاوارەکان لە بارێکی نالەبار ژیان بەسەر دەبەن لە کەرکوک لەژێر خێمەدان و تەنانەت ئاوی خواردنەوەشیان نییە، بۆچی؟

وەڵام: تەنها لەلایەن دکتۆر رۆژ نوری شاوەیس بڕی ٢٠٠ هەزار دۆلاری لە نوسینگەی خۆی تەرخان کرد، کە کاتی جێگری سەرۆک کۆماری عێراق بوو. بۆ ئاساییکردنەوەی کەرکوک پێوستیمان بە ٥٠٠ تا ٦٠٠ملیۆن دۆلارە بەڵام بە داخەوە ئێمە لە ناو کەرکوک وەکو پارتی ویەکێتی بەیەکەوە کارناکەین، من ئومێدم هەیە دوای یەککگرتنەوەی هەدوو ئیدارەکەی حکومەتی هەرێم، چاوپیاخشاندنەوەیەک بە شێوازی کارکردندا لە کەرکوک بکەین و یەک ستراتیژ دانێن، پێوستە ئێمە زۆر خۆمان بە بەغداوە نەبەستینەوە. هەرێمی کوردستان رۆڵی هەبێ لەخزمەتکردن و گەڕانەوی ئاوارەکان.

پەیامی کورد: بۆچی تا ئێستا سوود لە پێشمەرگە وەرنەگیراوە بۆ دابینکردنی ئاسایش لە کەرکوک؟

وەڵام. پێش ماوەیک داوایان کردبوو، تا ئێستا سوودی لێ وەرنەگیراوە، بەڵام لە شاری موسڵ پێشمەرگە بە هەماهەنگی لەگەڵ هاوپەیمانان، رۆڵێکی گەورە دژی تیرۆر دەبینن. بوونی پێشمەرگە لە کەرکوک، زۆر پێوستە بۆ کورد. بە گشتی و تورکمان و کۆمەڵێکی زۆر کلدان و ئاشوری پێیان خۆشە پێشمەرگە بەهاوکاری هاوپەیمانان ئاسایشی کەرکوک پارێزی.

پەیامی کورد: بۆچی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پاریزگای کەرکوک دواکەوت؟

وەڵام : یەکێک لە هۆکارەکان بەرەی تورکمانی و لایەنی عەرەبی شیعی وعەرەبی دەرەوەی لیستی برایەتی کەرکوک بوو کە داواکاریەکانیان لە قەبارەی خۆیان گەورەتر بوو دەیانویست دەستکەوتی گەورە بەدەست بهێنن، لیستی برایەتی کەرکوک دەیگوت فەرموون دەتوانن بیکەن. بەڵام بە مەرجێک ئامانجەکانی لیستی برایەتی کەرکوک قەبوڵ بکەن، لەدەزگاکانی راگەیاندندا بڵاوی بکەنەوە کە بەداخەوە باوەڕیان پێی نەبوو، دیارە پارتی و یەکێتی بۆچوونی جۆرا و جۆریان هەبوو لەسەر پۆستەکان. لەم دواییەدا خۆشبەختانە لە یەک نزیک بوونەوە، رێککەوتین بە بەرنامەیەکی دارێژراو کاربکەین، تا ئێستا کارمان بە پێی پرۆگرامێکی دارێژراو نەکردوە، بە پێچەوانەوە ئەگەر کێشەی کردارەکانی تیرۆرستان و بەرەی تورکمانی وعەرەبە شیعە مەزهەبەکان لەبەرچاو بگرین هەماهەنگی نێوانیان لە لایەنە کوردییەکان زیاترە.

پەیامی کورد: رۆڵی نوێنەرانی کورد لە حکومەتی بەغدا چەند کاریگەر بووە بۆ ئاساییکردنەوەی بار ودۆخی کەرکوک؟

وەڵام : پێش هەڵبژاردن زۆر عەملیانە کاریان نەدەکرد، ئەو کەسانەی کە لە بەغدا کاردەکەن لە پەرلەمان یان حکومەتی فدراڵی.

پەیامی کورد: بەرەی تورکمانی لە نانەوەی کێشە و ئاژاوە، ئامانجیان چیە؟

وەڵام: بەرەی تورکمانی رۆڵێکی زۆر مەترسیداری هەیە، درۆی لەگەڵ دایک و باوکی خۆیان کرد کە تورکیایە و سەرچاوەی داراییانە. هەماهەنگی و هاوپەیمانی لە گەڵ تیرۆرستانی و کۆنە بەعسیەکان هەیە، تەنها بە مەبەستی ئاژاوەنانەوە بەڵام لە سەرتاسەری عێراق شکستی گەورەیان هێنا کە گویا چوار ملیۆنن کەچی تەنها ٩٣ هەزر دەنگیان هێنا، بە پێچەوانەی بۆچوونی بەرەی تورکمانی، زۆرینەی تورکمان دەیانەوێ لەگەڵ کورد بژین،

پەیامی کورد: زۆرجار دراوسێکانی عێراق بەوە تاوانبار دەکرێن کەوا دەستیان لە کردەوە تیرۆرستیەکاندا هەیە، ئایا ئێوە هیچ بەڵگەتان لە بەردەستدایە؟

وەڵام: گەلێک کەس هەن لەریزی بەرەی تورکمانیدا گیراون و دەستیان لە کردارە تیرۆرستییەکاندا هەبووە، سەر بەتورکیان و وا دەزانن ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ماوە. بەڵام ئەوان بەهەڵەدا چوون و دنیا گۆڕاوە.

ئەوکاتەی وەفدەکەی وەزارەتی دەرەوی تورکیا هاتە کەرکوک لەگەڵیان دانیشتین، پیمان گوتن تۆدەڵی من باوەڕم بە ئازادی و دیموکراتی هەیە ١٥ تا٢٠ ملیۆن کورد لە تورکیادا هەیە دەبێ رێگەیان بدەن مافی چارە نوسی خۆیان دەست نیشان بکەن، ئەو تورکمانانەی لە کەرکوک دەژین سەد بەرابەر کوردی تورکیا مافیان پارێزراوە، سەرۆکی وەفدەکە گوتی ئەو قسانەی دەیکەی تەنها رای خۆتە یان رای سەرجەم ئەندامانی کوردە لەئەنجومەنی کەرکوک.

پەیامی کورد: ژمارەی دانیشتوانی کەرکوک چەند دەبێت؟

وەڵام : سەرژمێرێکی دروستمان لەدەست دانیە بەڵام نزیکەی ملیۆن و نیوێک دەبێت، کورد یەکەم ژمارەیە پاشان تورکمان و عەرەب دێ، ئنجا کلدان و ئاشوری، بەڵام بەهۆی بەعەرەبکردنی کەرکوک ئێستا رێژەی عەرەب زیاترە لە تورکمان.

لە ٦٠ هەزار خێزانی کوردی دەرکراوە تەنها ١٠ هەزار خێزان گەڕاوەتەوە کەرکوک و باری ژیانیان گەلێک خراپە.

پەیامی کورد: ئایا حکومەتی هەرێم هیچ هاوکاری نەکردوون؟

وەڵام: لە هەردوو ئیدارە ١٠٠ملیۆن دۆلاریان تەرخانکردبوو بۆ بۆ ئاوارەکانی کەرکوک و گوندەکانی دەوروبەری، تواندرا ٢ ملیۆن دۆلار بۆ پێداوستی خوێندنی زمانی کوردی وچاککردنەوەی قوتابخانەکان کەڵکی لێ وەربگیرێت.

پەیامی کورد: تورکیا لە رابردوو ویستی نەخۆشخانەیەک بە ناوی مانگی سوری تورکی بکاتەوە ،ئێستاش دەنگێکی وا هەیە کە لە رێی سەرمایەدارێکی تورکمانی هەولێرەوە زانکۆیەکی تورکی بکاتەوە، بۆ ئەمە چی دەڵێن؟

وەڵام: ئەنجومەی کۆنی شاری کەرکوک رێ لە بەردەم کردنەوەی نەخۆشخانە گرت، وە لە داهاتوش رێگە بەهیچ پرۆژەیەکی تورکی نادات.

پەیامی کورد: عەرەبەکان پاسەوانی لوولە نەوتیەکان دەکەن کەچی خۆشیان دەیتەقێنەوە و ئێوە لەئەنجوومەنی کەرکوک پێشنیاری ئەوەتان نەکردووە لولەیەکی تازە لەرێگەی هەولێرەوە بۆ دهۆک؟

وەڵام : ئەو شتە لەدەست بەغدادایە لەگەڵ حکومەتی بەغدا و ئەمریکییەکان پێشنیاری واکراوە. من دەبینم بەرپرسانی بەغداد نیازیان باش نییە، دەبێ پاسەوانی لوولە نەوتییەکان لە دژی تیرۆرستان بن نەوەک تیرۆست بن وەکو ئێستا کە پشماوە بەعسن.

پەیامی کورد: ئایا ئەو عەرەبانەی کە لە سەردەمی رژێمی لە ناوچوو هێندراونەتە کەرکوک، هەموویان ماونەتەوە؟

وەڵام : زۆربەی زۆریان لە کەرکوک ماون، ژمارەیەکی کەمیان گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان. ■■■

**هەڤپێڤین: جوتیار دارفروش ـ فادل ئۆزچەلیک**

**بەکوردی بدوێ، بەکوردی بخوێنە، بەکوردی بنووسە، بەکوردی بیربکەرەوە!**

## کەلووەکانی هەفتە

**کاوڕ** ٣.٢١ تا ٤.٢٠
کارەکەت کە ماوەیەکە بایەخەکەی جارانی پێ نادەیت، چاوەڕوانی گەرم و گوڕییەکەی سەرەتاکانت دەکات تا بەرەو باشتر ژیانت بڕوات. گرفتی خێزانیت لە بەردەمدایە.

**گا** ٤.٢١ تا ٥.٢٠
خەمێکی گەورەت لە کۆڵ دەبێتەوە و، رەنگ و رووەکەی جارانت بۆ دەگەڕێتەوە، لە رووی سۆزدارییەوە، ئەوەندە پەلپ و بیانوو لە یارەکەت مەگرە، تۆی زۆر خۆش دەوێت.

**دوانە(جمک)** ٥.٢١ تا ٦.٢١
لە رووی کارەوە، زۆر گرنگە داهاتووت دابین بکەیت، بەڵام ئێستاشت لە بیر نەچێت، لە رووی خێزانییەوە زۆر ئاسوودەیت.

**قرژاڵ** ٦.٢٢ تا ٧.٢٢
بەسییەتی ئەوەندە بە شان و باڵی خۆتدا هەڵ مەدە و، بیرێکی واقیعی لە خۆت بکەرەوە، ئەگەر بە رابردوو بێت، زۆر کەس هەن جاران پاشا یان سەرۆک کۆمار بوون، ئێستاش سفرن!

**شێر** ٧.٢٣ تا ٨.٢٢
هاوڕێکی دێرین دەستی یارمەتیت بۆ درێژ دەکاتەوە، رەتی نەکەیتەوە، لەم رۆژانەدا تۆ زۆر نیگەرانی و بە ئاسانی ناتوانیت تەرکیز بکەیت، ئارام بە و هێمنانە بیر بکەرەوە.

**فەریک** ٨.٢٣ تا ٩.٢٢
زۆر بە جوانی لە دەوروبەرەکەت وردبەرەوە، چونکە لەوانەیە کۆمەڵێک شتی تازەت بۆ دەرکەوێت کە ماوەیەکی زۆرە لێت شاراوەیە، دان بە هەڵەکەتا بنێ لە بەرامبەر یارەکەت.

**تەرازو** ٩.٢٣. تا ١٠.٢٢
بەخت و ناوچاوانت لە هەندێ پێشهاتی خراپ دەتپارێزێت، تۆ لێهاتوویت و سەرکردایەتیت پێ هەڵدەسوڕێت، هەوڵ بدە ئەوە بسەلمێنیت.

**دوو پشک** ١٠.٢٣ تا ١١.٢١
کەسانێک بیر و بۆچوون لەسەر تۆ ئاڵوگۆڕ دەکەن و تیایدا هەموویان دان بە رێک و پێکی تۆدا دەنێن، چاوپێکەوتنێک هیوا بۆ دڵ و گیانت دەگەڕێنێتەوە.

**کەوان** ١١.٢٢ تا ١٢.٢١
یەکێک لە ناسراوەکانت دڵسۆزت نییە، بە ئاگابە لێی، لەم ماوەدا بڕیاردان لە بەرژەوەندی تۆدا نییە، تورە بوونی نائاسایی زیانت پێ دەگەیێنێت.

**گیسک** ١٢.٢٢ تا ١.١٩
ئەم ماوەیە بەخت یاوەرتە و هەوڵ بدە سوود لەو هەلانە وەربگرە کە بۆت دەڕەخسێت، ئەگەری ئەوە هەیە کەسانێکی رێک و پێک بناسیت و ببنە دۆستت.

**سەتڵ** ١.٢٠ تا ٢.١٨
توانایەکی نائاساییت هەیە و ئیرادەیەکی پۆڵایینیشت لە هەمان کاتدا هەیە، هەر بۆیە دەتوانیت لەم ماوەدا سوودێکی باشیان لێ وەربگریت.

**نەهەنگ** ٢.١٩ تا ٣.٢٠
پارەی خۆت لە پرۆژەی سەرپێیدا نەخەرە کار، چونکە زیانێکی گەورەی بەدواوەیە، پارەکەت لەلای خۆت بێت لەم ماوەدا، لە هەموو شوێنێک باشترە.



# شاری ڤینیسیای ئیتاليا ئاهەنگی ساڵڕۆژی پەنابەران دەگێڕێت

**ئیتاليا ـ گوڵاڵە زەنگەنە ـ** سەر لە بەیانی رۆژی ٢٠٠٥/٦/٢٠ لە یادی ساڵروژی پەنابەران، شارەوانی شاری ڤینیسیا (Comune di Venezia) بەشی خزمەت و یارمەتی بۆ پەنابەران، وەک هەموو ساڵیک بەم بۆنەوە کونفرانسیکی ساز کرد، بە ئامادەبوونی سەرۆکی شارەوانی و چەند پسپۆڕ و شارەزایێک لە بواری پەنابەریدا و چەندین رێکخراوی بیانی، یەکێک لەوانە "کومونیتای کورد لەئیتاليا"، وەک شاهید بەحاڵیش چەند پەنابەرێک و میوانانی سەنتەری پەنابەری ئەم شارەش بەم بونەیەوە بە چەند وتارێک، بەشدار بوون.

پاشان، هەر بەشی خزمەت و یارمەتی بۆ پەنابەران، ئەرکی نانخواردنی نیوەڕۆی میوانانی سەنتەری پەنابەرانی شاری ڤیژنیسیا سەنتەری BOA و هەموو ئەوانەی کە هاوکارن و کاری تیدا دەکەن، خستە ئەستۆی خوی لە دورگەیەک لە شاری ڤینیسیا، هەموو میوانان و بەشداران کەوتنەڕی بە یەخت لە ناو کەناڵەکانی شاری ڤینیسا بە ئالای رەنگاوڕەنگ. ئەوەی شایەنی باسە وێنەی تایبەتی وێنەکێشی کوردی خۆرئاوای کوردستان، س. حەسەن کە پەنابەرە لەم سەنتەرە، کرا بە پۆستەر و لە شارەکەدا بڵاوکرایەوە.

هەر بە بۆنەی رۆژی پەنابەران دوای چاوپێکەوتن لەگەڵ لێپرسراوی گشتی بەشی پەنابەران لە ڤێنێسیا- ئیتاليا خانم رۆزانا مەرکاتو (Rosanna Marcato) ، بەهەلم زانی چاوپێکەوتنێکیش لەگەڵ هاوکارم دکتۆر کامەران ڤان بکەم چ وەک لیپرسراوی بەشی رۆژهەڵات وئەفریقای باکور، لە سەنتەری پەنابەران BOA و چ وەک جێگری سەرۆکی کورد لە ئیتاليا. سەنتەری پەنابەری شاری ڤێنێسیا (BOA) کە لەلایەن دەوڵەت و کۆمونیتای ئەوروپا و شارەوانی ڤێنێسیا مووچەی تایبەتی بۆ تەرخان کراوە و هەروەها ئەمە بەشێک لە پرۆژەیەکی گەورەترە لە سەرتاسەری ئیتاليا بە ناوی "پلانی دەوڵەتی بو پەنابەران"، ئەم سەنتەرەی ئێمە بەشێکە لەم پرۆژە گەورەیە. چەند پر سیارێکم دەربارەی پەنابەر بە گشتی و پەنابەری کورد بەتایبەتی، ئاراستەکردن.. .خانم رۆزانا:

**پرسیار: هەرچەندە هاوکاری جەنابتم لە کاردا، بەڵام ئەمەوێ خۆت بناسێنی بە خوێنەری پەیامی کورد ؟**

**وەڵام:** ناووم روزانە مەرکاتو، لە ساڵی ١٩٩٢ هەستم بە گرنگی کارکردن بۆ پەنابەران کرد. ئەمرۆ بەڕێوەبەری بەشی خزمەت و یارمەتی بۆ پەنابەران لە شارەوانی ڤێنێسیا.

ئەو کاتە هێشتا دوو ساڵ بوو کە ئیتاليا رێگای ئەدا کە داوای پەنابەری بکرێت و هەر لەو ساڵەشدا شەری یۆگۆسلافیا دەستی پێکرد و شارەکەمان شاری ڤێنێسیا بە سەدان پەنابەری گرتە خۆی و لەو زەمانەدا هیچمان نەبوو فریامانکەوێت، زۆر هەوڵم دا بۆ ئەوەڵامی شارەوانی سەنتەرێکی پەنابەری بکاتەوەڵام. لەو کاتەوەڵام تا ئێستا زۆر شت گۆڕاوە و توانیمان بەشێک دروست بکەین لە ناو شارەوانی ڤێنێسیا کە سەنتەرێک بۆپەنابەران بگرێتە خۆی، لەگەڵ چەندین خزمەتگوزاری یاسایی و کۆمەڵایەتی تەندروستی و قوتابخانە و زمان بۆ زیاتر لە ٢٠٠ کەس لە ساڵێکدا کە ئا لەم ساڵانەدا توانیم گرووپێک دروست بکەم بۆ ئەوەی کاربکەین بەیەکەوە، ئەمرۆ ئێمە وەک جەیشێکی ئامادە و چاولێکەر سەرمان ئەکرێت لە چاوڕاستی ئیتاليا

**پرسیار: ئەوسەنتەرانەی کە بۆ پەنابەران هەن، کامانەن ؟**

**وەڵام:** ٥٠ شوێنمان هەیە بۆ پیاو (زوگورتی) ٥٥ بۆ خێزان و ئافرەتان کە منالیان هەیە، ئەم سەنتەرانە زۆر رێزیان لێ ئەگیرێ میوانەکانیش سەربەستن لە هاتوچۆ یان، بەرانبەر ئەمەش داوای رێزو خوێندنی زمانیان لێ دەکەین.

ئەو پر سیارانەی کە لێت دەکەم زیاتر تایبەتە بە پەنابەری کوردە و لەبەر ئەوەی ئەم چاوپێکەوتنە بۆ رۆژنامەیکی کوردییە.

**پرسیار: چەند ساڵێکە کورد ئەناسیت و هەڵسوکەوتیان لە گەڵ دەکەیت، چ راو بۆچوونێکت لە سەر کورد لا درووست بووەلام ؟**

**وەڵام:** مەسەلەی سیاسی کورد زۆر سەرنجمی راکێشا زیاتر لەو کاتەی کە چەندین کورد گەیشت بۆ ڤێنێسیا لە ساڵی ١٩٨٠ کە کوردی عێراقی بوون ئێستا چەند کەسێک لەوانە لە گەڵم کاردەکەن .

ئەبێت ئەوە دیاری بکەم کە جیاوازییەکی کولتووری وسیاسی زۆر هەیە لە نێوان عێراق، سوریە، ئێران و تورکیا، لەو باوەڕەدام کە ئاپارتاید و چەوسانەوی باری سیاسی لە تورکیا نیشانێکی وای بە قوولی جێهێڵاوە کە بە شێوەیێکی تر دنیا ببینن و بیر بکەنەوە ،لەگەڵ ئەوان مشکلەمان هەبوو و مشکلەمان هەیە تا ئێستا بۆ لەیەک تێگەیشتن و هەولێش ئەدەین کە تێکەڵ کۆمەڵگای ئیتالی نەبن.

**پرسیار: دوای ئەو گۆڕانکاریەی کە روویداوەڵام لەو ناوچانەی کە کوردی لێ دەژی ، وەڵامک گۆڕانکاری عێراق و چوونە ژورەوەی تورکیا بۆ ناو یەکێتی ئەوروپا و هتد، چ کاریگەرییەک دەکاتە سەر ئەوەی کە پەنابەر، مافی پەنابەری بدرێتی؟**

**وەڵام:** بێ گومان، ئەو گۆڕانکاریانە کار دەکاتە سەر پەنابەر، کوردی عێراق ئێستا زۆر کەم بووە بەهەر حاڵ زۆر زەحمەتە پەنابەرییان پێ بدرێت، هەمان شتە بۆ کوردی تورکیا لە ساڵی ٢٠٠٢وەوە تا ئێستا زۆربەی وەڵامی نێگەتیڤی وەر گرتووە.

**پرسیار : چەند ساڵە، سەنتەری پەنابەری هەیە لە ڤێنێسیا، تا ئێستا چەند پەنابەری کوردی گرتووەتە خۆی ؟**

**وەڵام:** وا بزانم لەم ساڵانە یا زیاتر لە ٣٠٠ کوردمان وەرگرتووە و هاوکاریمان کردوون، زۆربەی ئەوانە ئێستا زۆرباش راهاتون و ژیان بە باشی دەبەنە سەر.

**پرسیار : کورد مافی داواکردنی پەنابەری هەیە، بەڵام لە سەر دۆکومێنتەکانیان کە پێیان دەدرێت، نیشانێک دادەنرێت یاخود نانوسرێت کە کوردن، چی ئەڵێت لە سەر ئەم شتە ؟**

**وەڵام:** وەک مێژوو نیشانی داوە هەموو نیشانەیەک کە رەگەز جیاوازی بکات، خەتەرە.

**پرسیار : چ جیاوازییەک یاخود گۆڕانکارییەک رویداوە لە ساڵانی پێش و ئێستا لە سەر یاسا و مافی پەنابەری لە ئیتاليا، چ بۆ داهاتوو، بە دی ئەکرێت ؟**

**وەڵام:** بڕگەی ژمارە ٠٢ : ١٩٠ یاسای پەنابەری بەردەوام لە ئیتاليا ئەگۆڕێ ، ئەمرۆ لە هەموو ئیتاليا ٧ دادگا هەیە بۆ پەنابەر بە پێچەوانەوە کە جاران هەر دادگای رۆما هەبوو بۆ ئەوەی گوێ لە پەنابەر بگرێت و ماوەیێکی زۆری ئەخایاند، بەڵام ئێستا لە ماوەی یەک مانگ لە سەنتەری پەنابەری دەمێنێتەوە کە سەنتەرێکی داخراوە و ئازاد نین و لە ماوەی ٢٠ رۆژ وەڵامی پرسیارێ دەدرێت، حکومەتی ئیتاليا پەنابەر بە تێکدەرێکی یاسا لە قەڵەم دەدات و سیاسەتێکی توند و تیژ، لە دژی بەکار ئەهێنی، وەک سنووورداشتکردن و پاڵ پێوەنانی وەک ئەوەی کە لە شاری لامپە دووزە رویدا بە پێچەوانەی یاسای نێو دەوڵەتییە وە.

**پرسیار : بێ گومان پەنابەری کورد لە ئیتاليا، پەیامی کورد دەخوێنێتەوە. ئەتەوێ‌چیان پێ بڵێیت لە رێگای ئەم رۆژنامەیەوە؟**

**وەڵام:** ئەمرۆ رۆژی دروست کردنەوەیە نەک راکردن، بەرای من باش تر وایە مانەوە لە وڵاتی دایک ئەگەر هیوایێکی بچوکیش هەبێت بۆ دروستکردنی دوارۆژێکی باشتر، هەر وەک باپیرانمان وتویانە نانی غەریبی نانێکی تاڵە.

من زۆر حاڵەتی ناخۆش و زەحمەت کێشانی پەنابەر دەزانم لە ئەوروپا، زۆر جار پەنابەران لە چاوی ئێمەی دەزانن چونکە وا دەزانن کە ئێمە ئەوەندە گرنگییان نادەینی، بەڵام ئەوەی کە لەگەڵ ئێمە کار دەکات ئەزانی چەند هیلاک ئەبین تا یارمەتی ئابوری پەیا دەکەین بۆ ئەوەی بتوانین یارمەتی پەنابەرانی پێ بدەین چ لە لایەن یارمەتی مافەکانەوە چ لەلایەن ژیانی رۆژانەوە. زۆرجار هەست ئەکەین بە تەنهاین لە مەیدانی شەری رۆژانەیا بەتایبەت کە گوێمان لە رەخنە و گلەیی ئەو کەسانە ئەبێت کە یارمەتیان ئەدەین وە ک بلێیت ئێمە یاسا دابنێن. پێخۆشحاڵ ئەبین لەباتی ئەوەی خۆمان وەک کاروانی رێگا دابنێین بەشدار و هاوکاری یەک بین، بەرەو جیهانێکی پاک و باشتر ..

چاوپێکەوتنەکەی کامەران ڤان:

**ئەگەر بکرێت خۆت بە خوێنەری پەیامی کورد بناسێنی؟**

**وەڵام :** ناوم" کامەران ڤان" ە لە دایک بووی کەرکوک ـ کوردستانم لە ساڵی ١٩٨٠وە لەئیتاليا دەژیم هەر لێرەش خوێندنی زانکۆم تەواو کردووە ، لێپرسراوی بەشی روژهەڵات و ئەفریقیام.

**پرسیار: ئایا ئەوانەی لێرە دەژین سەربەستن لە هاتو چۆ؟**

**وەڵام:** بێ گومان ئەوانەی لە سەنتەری ئێمە دەژین سەربەستن لە هاتو چۆ

**پرسیار: چونێتی بەرێوەبردنی لە لایەن ئێوەوە ؟**

**وەڵام:** زور هەوڵ ئەدەین کە میوانەکان لە هەندیک کار و باری سەنتەرەکە بەشدار بن، وەک پاک و خاوینی سەنتەر و شوینی نان خواردن هتد. چونکە ئەمانە هەموو شوێنی هاوبەشن، و هەوڵ ئەدەین کە کات و رۆژانەی خویان بە سوود بە سەر بەرن، لێرەش هەر کەسێک بەرپرسی لایەنێکە و لایەنی تەندروستی و بیروکراسی کارەکانی دۆکومێنت و وەرزش و زمان و کولتووری ئیتالی و هتد...

**پرسیار: وک ئاگادار بیت بینینی پەنابەران چونە بو ئەوروپا (ئیتاليا) ؟**

**وەڵام :** زور جار بینینێکی چەوت هەیە لە ئەوروپا بە بۆنەی قسەوقسەڵۆکی خەڵک ودۆست هتد، یان بە بینینی تەلەفزیۆن هەموو شتێک بە بریقەدار دەبینن لە سەرەتاوە، دوایی دەکەوێتە تەڵەکەوە بەتایبەت لە وڵاتە کەمتر دەوڵەمەندەکان لەو وڵاتاکانی ئەوروپا، پەنابەر دوای ئەوەی کە ئیقامە و پاسپۆرتی پەنابەری دەدرێتی و هیچی تر، نە مانگانە و نە خانو. ■■■




وێنەی شێوەکاری خۆرئاوای کوردستان، س. حەسەن کرا بە پۆستەر و لە "ڤینیسیا"دا بلاوکرایەوە

پەیامی کورد ئامادەی بڵاوکردنەوەی ریکلامەی بازرگانی و بروسکەی پیرۆزبایی و پرسەنامەیە بەنرخێکی گونجاو

# خێو و جنۆکە و نوشتە!!

**زەردەشت خورماڵی**

مرۆڤ بە شێوەیەکی سرووشتی، خولیای بابەتی نائاسایی و"غەیبی"یە و، هەمیشە ئارەزووی ئەوەی کردووە کە، شتێک سەبارەت بە ئایندەی خۆی بزانێت. بۆیە بە درێژایی مێژوو، ئەو کەسانەی کە جۆرە توانایەکی نائاسییان هەبووە، سەرنجی دەوروبەرەکەی خۆیان راکێشاوە و، سوودی جۆراوجۆریان لەو توانایەیان وەرگرتووە. هەرچەندە لێرەشدا دەبێت دان بەوەدا بنێین کە لە راستیشدا، هەندێک مرۆڤ، جۆرە توانایەکی نائاسییان هەیە کە ئاست و بازنەی یاساکانی سروشت دەبەزێنێت. دکتۆر"ئەلکسیس کاریل"، وەرگری خەڵاتی نۆبل، لە کتێبە ناودارەکەی"مرۆڤ ئەو نەناسراوە"، دەڵێت: (مرۆڤ توانای شاراوەی هەیە، کە دەتوانێت لە رێگەوەی زۆر شتی نائاسایی بکات.) هەروەها دکتۆر"جوزیف مۆرفی" لە کتێبی"توانای هزر"دا، دەڵێت: (مرۆڤ دەتوانێت لە رێگەی پەرەپێدانی توانا شاراوەکانی، زۆر کاری نائاسایی بکات، وەک فڕین یان رۆیشتن بەسەر ئاو.) هەڵبەتە بەندە بە هۆی ئەوەی کە ماوەیەکی زۆر خولیای ئەو جۆرە شتانە بووم، زانیارییەکی ئەوتۆم لەو بارەوە هەبوو. شەوێکیان، بە رێکەوت لەگەڵ هاورێیەکمدا، رێم کەوتە ماڵی خزمێکیان کە بەناو زۆر رۆشنبیر و پێشکەوتوو خوازبوون و، باوەڕیان بە هیچ بابەتێکی میتافیزیکی نەبوو، ئەو خێزانە پێکهاتبوو، لە ژن و مێردێک و دوو کوڕ و کچێک، کە هەرسێکیان لە هەرزەکاری تێپەڕیبوون. وەک لە یادمە، زستان بوو، قسەی تەنیشت"عەلادین" تام و چێژێکی تایبەتی هەبوو، بۆیە چەندەها بابەت باس کرا، تا سەرەنجام باس هاتە سەر مەسەلەی خێو و دێو و درنج و بەخت گرتنەوە و روح ئامادەکردن. هاورێکەم هەر ئەوەندەی کە وتی هاورێکەم"واتە بەندە" لەو بارەوە شت زۆر دەزانێت، هەموو ئەندامانی ئەو خێزانە لێم هاتنە وەڵام و کردیانم بە کێودا. نەک هەر ئەوەندەش، بەڵکو ناو بە ناویش پێیان رادەبواردم! بە هەر حاڵ، دانم بە خۆمدا گرت تا ماندووبوون لە هێرشە بەربڵاوەکەیان لە دژم، ئنجا بە هێمنی کەوتمە باسی ئەو جۆرە بابەتانە و، بە هۆی ئەوەی کە زانیارییەکی باشم لە بواری شانۆ و نواندندا هەبوو، بە شێوەیەکی سەرنج راکێشانە شتەکانم باس دەکرد و ئەوەم روونکردەوە کە چۆن لە داهاتووی کەسێک دەکۆڵیتەوە. هێدی هێدی، سەرنجی هەموانم بەتەواوی بەلای خۆمدا راکێشا و دەرزیت فڕێدایە دەنگیت دەبیستەوە. ئەوەندەش چیرۆکی جنۆکە و روحیانەت بۆ گێڕابوونە، تەنانەت کەسیان نەیاندەوێرا دەستێ بە ئاو بگەیین، بەتایبەتی خێزانێکی چاخۆر بوون و چاییش میزی بە دواوەیە و، کەچی کەسیان لە جێی خۆی نەدەجولایەوە. کات بەسەرچوو، تەنانەت ناچارکراین شەو لەو ماڵەدا رۆژ بکەینەوە. هەر ئەوەندەم خۆش بوو کە دانیشنەکە کۆتایی هات، ئیدی هەر هەموویان"پێکەوە" هێرشیان برد بۆ ئاودەست! ئنجا پاش ئەوەش، هەر یەکێکیان بە لای خۆیدا و، بە دزی ئەوانی دیکەوە، رایدەکێشام و، پرسیاری بەخت و ناوچاوی خۆی لی دەکردم! منیش ئەو کاتە تافی لاوێتیم بوو، لە دڵەوە ئارەزووی ئەوەم هەبوو کە تۆڵەی ئەو هەموو پێرابواردنەیان لێ بکەمەوە، لەبەر ئەوەش، لەسەر رەقەم و بە ئارەزووی دڵم بە هەموویانم رابوارد. ■■■